دیمۆکراسی بۆ ئیران خودموختاری بۆ کوردستان

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

١٥ی ڕەشەمەی ١٣٨١ ٦ی مارسی ٢٠٠٣ ژمارە ٣٦٠ ١٥٠ تمەن

## ٨ی مارس لە ژنانی کوردستان‌و ئیران پیرۆز بێ

لە بەرەبەری هاتنی ٨ی مارس، رۆژی نیونەتەوەیی ژناندا، ریزو سلاوو پیرۆزبایی گەرمی خۆمان پیشکیشی ژنانی کوردستان، ئیران‌و هەموو جیهان دەکەین‌و سەرکەوتنیان لە بەرەوپیش بردنی خەباتی بەرابەریخوازانەیاندا، بە ئاوات دەخوازین.

گەیشتن بە ماف‌و ئازادی‌یە ئینسانی‌یەکان‌و بەرابەریی تەواو لەگەڵ پیاوان، مافی بێ‌ئەملاو ئەولای ژنانە. حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران، نەك هەر داننان بەم راستی‌یە، بەلکوو تیکۆشان بۆ وەدیهینان‌و وەراست گیرانیان، بە ئەرکی خۆی‌و یەك یەکی تیکۆشەرانی‌و هەموو مرۆڤیکی دیمۆکرات، شۆرشگیرو پیشکەوتنخواز دەزانێ‌و داواش لە ژنانی کوردستان دەکا لە خەباتی سەخت‌و دریژخایەن، بەڵام پیرۆزو ئینسانییاندا، بە پشتیوانی‌و هاوکاریی بیدریغی ئەم حیزبە، دلگەرم‌و هیوادار بن.

دەستەی نووسەران‌و کارگیرانی "کوردستان"

لە دووهەمین دەورەی هەلبژاردنی شوورا ئیسلامی‌یەکانی شارو دێدا:

# خەڵکی کوردستان پێشوازییان لە بانگەوازی تەحریمی هەڵبژاردن کرد

دووهەمین دەوری هەلبژاردنی شوورا ئیسلامی‌یەکانی شارو دێ، لە کوردستانیش وەك زۆربەی زۆری ناوچەکانی ئیران‌و تەنانەت زیاتر لەوانیش، لەگەڵ تەحریمی خەلکی ئاگاو وشیار بەرەو روو بوو.

بە گویرەی ئەو هەوالانەی بە کوردستان گەیشتوون، خەلکی وریاو خەباتگیری کوردستان بە گەرمی بە پیشوازی بانگەوازی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران‌و ریکخراوە سیاسی‌یەکانی دیکە لەبارەی تەحریمی هەلبژاردنی شووراکانەوە چوون. ئەم پیشوازی‌یە هەم لە خۆبواردن لەکاندیداتۆری بۆ ئەندامەتیی شووراکان‌داو هەم لە نەچوون بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان‌دا، خۆیان دەرخست. کاربەدەستان‌و دامودەزگاکانی ریژیم کە لەگەڵ گیروگرفتی کەمیی کاندیدا، بەتایبەتی کەسانی بە شەخسییەت‌و خۆشەویست، بەرەو روو بوون، بە شیوەی جۆراوجۆر فشاریان بۆ ئەندامە خۆشناوەکانی شووراکانی دەورەی پێ شوو دینا کە خۆیان کاندیدا بکەنەوە. لەو شوینانەش کە کاندیداکان تەنانەت بە رادەی ئەندامانی شووراش نەدەبوون، هەرەشەیان لە خەلك دەکرد کە ئەگەر کاندیدایان بۆ شوورا نەبێ، لە هەموو ئیمتیازو ئیمکاناتیکی دەولەتی بێ‌بەش دەبن.

بە هۆی خۆبواردنی کەسانی خۆشناوو جیگای ریز لە کاندیداتۆریی شووراکان، دامودەزگاکانی ریژیم ناچار بوون ریگا بدەن کاندیداکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی‌و بیزراو لەنیو خەلك‌دا بۆ بازار گەرمی‌و راکیشانی ژمارەیەکی پتری خەلك بۆ سەر سندووقەکان، دروشمی نەتەوایەتی‌و زۆر قەول‌و بەلینی دوور لە راستی‌و بیگانە لەگەڵ ماهییەت‌و رابردووی خۆیان‌و ریژیم بدەن. بەو حالەش کۆرو کۆبوونەوەی تەبلیغاتی‌و دەعوەت‌و میوانیدانی ئەو جۆرە کاندیدایانە، لەگەڵ گالتە پیکردنی خەلك‌و دروشمی لەقاودەرانەی لاوان، بەرەو روو دەبوو.


ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دیمۆکرات‌و لاوانی حیزبدۆست‌و ئەرکناسی کوردستان، لە چەند حەوتوو بەر لە ٩ی رەشەمەوە، بەو پەری هەست بە بەرپرسایەتی کردن‌و بە دلسۆزی‌و لە خۆبردوویی‌یەکی کەم وینەوە، وەخۆ کەوتن‌و بە تیکۆشانی بێ‌وچان‌و کارتی تەبلیغاتیی بەربلاو، مەبەستەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەریوەبردنی ئەو هەلبژاردنەیان، پووچەڵ کردەوە. ئەوان لە تەبلیغاتی خۆیاندا، روونیان کردەوە کە ریژیم بە راکیشانی خەلك بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان دەیەوێ وانیشان بدا کە خەلکی لە پشتە. ئەوان جاریکی دیگە ئەو راستی‌یەیان وەبیر هینایەوە کە خراپترین‌و درندانەترین سەرکوتەکان بۆ وینە قەتلە زنجیرەیی‌یەکان، سەرکوتی خویناویی خویندکارانی تاران‌و چەند شاری گەورەی دیکە، کوشتاری ٣ی رەشەمەی خەلکی سنە، گرتنی جیابیران‌و ئازادیخوازان، داخستنی زیاتر لە سەد گۆڤارو رۆژنامەو ئیعدامی چەندین ئازادیخوازی کوردو. . .، بەرهەمی سەردەمیکن کە ریفورمخوازان لە دەسەلات دابوون. خۆ بواردنی بەرینی خەلکی کوردستان لە چوون بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان، هاودەنگی‌و هاودلی بوو لەگەڵ زۆرایەتیی خەلکی ئیران لە تەئییدو دووپاتکردنەوەی ئەو پەیامەدا کە خاتەمی‌و هاودەستەکانی نەیانتوانیوە دەردیك لە هەزاران دەردی خەلك دەرمان بکەن.




چارەنووسی ئیسلاحات!

## کـۆچـی دوایـی

### نموونەی وەفاداری بە گەل‌و نیشتمان



کاتژمیر ٢/٢٠ دەقیقەی دوانیوەرۆی رۆژی سێشەممە ١٣٨١/١٢/٥، مامۆستا مەلا عەبدولرەحمانی لاهیجانی کۆچی دوایی کرد.

مامۆستا مەلا رەحمانی لاهیجانی، مامۆستایەکی ئایینیی نیشتمانپەروەرو تیکۆشەر بوو کە خەبات لە پیناوی ئازادیی گەلەکەی لە سەردەمی تیکۆشانی کۆمەلەی ژیکافەوە، دەست پێ‌کرد. لەگەڵ دامەزرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، بوو بە ئەندامی حیزب‌و چەندین ساڵ زیندان و زیاتر لە دوو دەیە ئاوارەیی‌و دەربەدەری، ئیمان‌و بروای پتەوی بە ریبازەکەی لەق نەکردو تا رۆژی مردن، بە حیزبەکەی‌و گەلەکەی وەفادار مایەوە. مامۆستا بۆ ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب‌و بۆ خەلکی کوردستان نموونەی وەفاداری بە گەل‌و نیشتمان‌و سەمبولی خۆراگری‌و تیکۆشان بوو.

٣

لە هەنگاویکی ئازایانەدا

## دەفتەری تەحکیمی وەحدەت لە جەبهەی ٢ی خورداد چووە دەر

لە بریاریکی ئازایانەدا، ریکخراوی خویندکاریی "دەفتەری تەحکیمی وەحدەت" رای‌گەیاند کە لە جەبهەی دووی خورداد دەچیتە دەرو هەولەکانی خۆی بۆ پیکهینانی بەرەیەکی پیکهاتوو لە ئازادیخوازان تەرخان دەکا.


عەبدوللا موئمینی، دەبیری تەشکیلاتی دەفتەری تەحکیمی وەحدەت، روژی یەکشەممە، ١١ی رەشەمە لە وتوویژیك لەگەل هەوالنووسی هەوالدەریی "ایرنا"دا، هەلویستە تازەکانی ئەم ریکخراوەیەی شی کردنەوەو گوتی: "نزیکەی پەنجا ئەنجومەنی ئیسلامیی زانستگەکان سەر بە تەیفی عەللامە، لە پیناسە کردنەوەی هەلویست‌و کردەوەکانیاندا، گەیشتنە ئەو ئاکامە کە لە بەرەی ٢ی جوزەردان بچنەدەرو بەرەیەکی بەرینی دیموکراسیخوازای پیك بینن".

١٠

## سەرکوتی چاپەمەنی لە ئیران‌دا دریژەی هەیە

رۆژی ٥ی مارس(١٤ی رەشەمە)،"هەوالنووسانی بێ‌سنوور" لە راگەیەندراویك‌دا،بە سەرنجدان بە گیرانی ٥رۆژنامە نووس لەماوەی کەمتر لە حەوتوویەك‌دا سەرکوتی چاپەمەنیی لەئیران‌دا مەحکووم کرد. راست لە کۆتایی سەردانی دەستەی لیکۆلەرانی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ لە ئیران، کۆماری ئیسلامی ٥ رۆژنامەنووسی گۆڤارە سینەمایی‌یەکانی بەناوەکانی: کامبیزکاهە، سەعید موستەغانی، محەممەدی عەبدی، ئەمیر عیزەتی‌و یاسەمەنی سۆفیی رەوانەی زیندان کرد." رۆبیرت مینارد"، دەبیری یەکەمی ریکخراوی هەوالنووسانی بێ‌سنوور گوتی: ئەم کردەوەیە نیشانەی بایەخنەدانی ئەو ریژیمە بەریوشوینەکانی مافی مرۆڤ‌و بێ حورمەتی‌بە کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤە. هەوالنووسانی بێ‌سنوور ئازادیی دەسبەجیی ئەو ٥کەسەو ٨ رۆژنامە نووسی دیکەیان لە مەحموودی شاهروودی، سەرۆکی دەزگای قەزایی داوا کرد.

## داریژەری پلانی تیرۆریستیی ١١ی سیپتامبرو سەرۆکی بەرنامە دارشتنی نیزامیی ئەلقاعیدە گیرا



رۆژی شەمە ١٠ی رەشەمە (١ی مارس) پۆلیسی پاکستان لە شاری راولپیندی، "خالید شیخ محەمەد" یەکیك لە ریبەرانی ئەلقاعیدەی لەگەڵ دوو کەسی دیکەدا گرت.


گوتەبیژی دەفتەری سەرۆك کۆماری ئەمریکا، سەبارەت بەم سەرکەوتنەی پۆلیسی پاکستان، خۆشحالی‌و پیزانینی خۆی راگەیاند.

کاربەدەستانی ئەمریکایی لەنیو ئەو کەسانەدا کە تا ئیستا سەبارەت بە کاری تیرۆریستی‌و بەرپرسایەتی لە ریکخراوی ئەلقاعیدەدا گیراون، خالید شیخ محەمەد بە گرینگترینیان دەزانن. ئەوان پییان وایە ناوبراو رۆلی سەرەکیی لە گەلالەریژی‌و هاوهەنگاو کردنی هیرشە تیرۆریستی‌یەکانی ١١ی سیپتامبردا، هەبووە.

خالید شیخ محەمەد کە خەلکی کووەیتە، بە فەرماندەری هیزەکانی بن لادن دەزانرێ‌و جگە لە ریکخستنی هیرشی ١١ی سیپتامبر، بە چەند هیرشی تیرۆریستیی دیکەش تاوانبار کراوە.

کوفی عەننان:

## بەبێ بەشداریی ژنان پەرەپیدان سەرکەوتوو نابێ



کچان دەبێ جۆریك پەروەردە بکرین کە بۆ پشتیوانی لە خۆیان، بروایان بە بەهیزی خۆیان هەبێ.

سەرچاوە: سایتی"ایران امروز"

بەبۆنەی نیزیکبوونەوەی ٨ی مارس رۆژی جیهانیی ژنان سکرتیری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان پەیامیکی نارد. لەو پەیامەدا گوتی: بەرەو ژوور چوونی بەرابەریی جینسی نیشاندەری ریگایەکی نوێ بە مەبەستی گەیشتن بەئامانجی پەرەپیدەرانەیە. کوفی‌عەننان داوای لە هەموو خەلکی جیهان کرد کە ئەسلە سادە بەلام بنچینەیی‌یەکان لەبارەی ماف‌وئازادی‌یەکانی ژنانەوە تێ‌بگەن‌و پشتیان بگرن. عەننان گوتی: سیاسەتی پەرەپیدان بەبێ بەشدارکردنی ژنان سەر ناکەوێ. سەرمایە تەرخان کردن بۆ ژنان بە مانای تەرخان کردنی سەرمایە بۆ بنەمالە بە خۆراکیکی باشترەوەیە. سکرتیری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان گوتی: هەر ئیستا دوو لە سیی نەخویندەوارانی جیهان، لە ژنانی نەخویندەواری لاو پیك هاتوون کە دەبێ بۆ خویندەوار کردنیان گەلالەیەکی جیددی هەبێ. عەننان لە دریژەی پەیامەکەی‌دا گوتی: ژنان‌و


ئاکامی هەلبژاردنی شوورا ئیسلامی‌یەکانی شارو دێ "نا"یەکی دیکە بە دەسەلاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی ٢

قسەکانی سکرتیری گشتیی حیزب لە ریورەسمی سەرەخۆشیی مامۆستا مەلا رەحمانی لاهیجانی‌دا ٣

٣ی رەشەمەی ٧٧، لووتکەی بەرزی باوەڕو هەلچوونیکی کەم وینە ٤

داخستنی دەرگاکانی هەواڵ‌و زانیاری لەسەر خەلکی ئیران تاکەی؟ ٨

قاسمی شوعلە سەعدی لە پاریسەوە بۆ زیندان ٩

سەردانی کارناسانی مافی مرۆڤ بۆ ئیران‌و ئەرکەکانمان ٩

جووڵانەوەی ولاتانی "غیر متعهد"، ئیستاو داهاتوو ١٠

# ئاکامی هەلبژاردنی شوورا ئیسلامییەکانی شارو دێ

## ("نا"یەکی دیکە بە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی)

عەولا بەهرامی

رۆژی هەینی ٩ی رەشەمە دووهەمین دەورەی "هەلبژاردنی شووراکانی شارو دێ" بەریوە چوو. هەروەک پیشتریش چاوەروان دەکرا، هەموو نیشانەکان لەوە دەدوین کە ئەو هەلبژاردنە لانیکەمی پیشوازیی خەلکی بە خۆیەوە دیو لەراستیدا لەگەڵ شکست بەرەوروو بۆوە، هەم ژمارەی کاندیداکانی شووراکانی شارو دێ کەمتر لە رادەی پیشوو بوو، هەمیش رادەی بەشداریی خەلک لە شارو ناوچەکانی وڵات لە ئاستیکی وادا نەبوو کە ریبەرانو کاربەدەستانی حکوومەتی ئیسلامی بتوانن خۆی پیوە رابنینو بە نیشانەی دووبارەکردنەوەی "بیعت"ی خەلک لەگەڵ نیزامی ئیسلامیی بزانن. کۆمەڵانی خەلکی وڵات جاریکی دیکە ئەو راستییەیان نیشان دایەوە کە هەلبژاردنو پرۆسەی هەلبژاردن دەتوانێ بە شیوەیەکی دووسەرە نوینگەی دەربرینی ئیرادەی سیاسیی ئەوان بێ. ئەوان نیشانیان دا تا ئەو جیگایەی هەلبژاردن وەک پرۆسەیەکی دیموکراتیک دەتوانێ دەربری ئیرادەی ئەوان بێو بەشداری لە هەلبژاردندا دەکەنو لەو جیگایانەشدا کە پییان وایە بەشداری کردنیان لە هەلبژاردندا ئاکامیکی جیا لە مەشرووعییەتدانی درۆیین بە دریژەی دەسەڵاتدارەتیی حاکمییەتی سەرەرۆی بە دواوە نیە، لە بەشداریکردن خۆ دەبویرنو لەراستیدا بە دووریکردنو وەلانانی شانۆی هەلبژاردن بە شیوەیەکی دیکە ئیرادەی سیاسیی خۆیان دەنوینن. دیارە پیویستە ئەوە بلیین کە هەلبژاردنو پرۆسەی هەلبژاردن لە ئیرانی ژیر حاکمییەتی ریژیمی ئیسلامیدا بە هیچ شیوەیەک نەیتوانیوە دەنگدانەوەی ئیرادەی سیاسیی خەلکی بە دواوە بێ. ئەزموونەکانی هەلبژاردن لە قۆناخە جیاجیاکانی میژووی دەسەڵاتدارەتیی ئەم ریژیمەدا ئەم راستییەیان سەلماندوە کە هەلبژاردن نەک پرۆسەیەک نیە بۆ گۆرانی سیاسیو رەنگدانەوەی ئیرادەی سیاسیی هاووڵاتیان بەلکوو لەراستیدا ئامرازیک بووە بۆ لاریکردنی ئیرادەو هیزی سیاسیی کۆمەڵانی خەلکی وڵات.

خۆبواردنی زۆرینەی هاووڵاتیانی خاوەن مافی دەنگدان لە بەشداربوون لە شانۆی هەلبژاردندا هیندیک مانای دیکەشی لە خۆ گرتوە کە ئەوانیش بریتین لە: یەکەم، بێمتمانەیی کۆمەڵانی خەلکی ئیران بە رەوتی ئیسلاحاتی حکوومەتی، دووریکردنو وەلانانی ئەو رەوتە لە بە ئیددیعای پیکهینانی ریفۆرم لە حاکمییەت هاتە مەیدانو لە ئاکامیشدا نیشانی دا کە نەک ناتوانێ ریفۆرم لە حاکمییەتو قەوارەی سیاسیی ریژیمدا پیک بینێ، بەلکوو بە پیچەوانەوە نەخشی سوپاپی ئیتمینانی هەبووە بۆ ریژیمو ریگای لە کۆبوونەوەو وەسەریەک کەوتنەوەی هیزی خەباتگیرانەی خەلکی گرتووە. دووهەم، رەوینەوەی ئەو گومانە کە گۆیا دەتوانرێ لە سیستمیکدا (کە هەموو دەسەڵاتەکان لە دەست تاقمیکدا کە دیکتاتۆریکی مەزهەبی ریبەرایەتیی دەکا) کۆ بۆتەوە، پەنا بردنو بەکارهینانی هیندیک میکانیزمی وەک یاساو هەلبژاردن ناتوانێ ئالوگۆری بەدواوە بێو بە دیویکی دیکەدا مل دانە بەو یارییە دیاریکراوەی دەسەڵات کە بۆ لاریکردنی ئیرادەو خواستی هاووڵاتیان دەستی پێ کردوە.

لەم هەلبژاردنەدا بە پیچەوانەی هەلبژاردنەکانی پیشوو، دامودەزگاو تاقمە جۆراوجۆرەکانی ریژیم بە هەموو تواناییانەوە هەولیان دا بازار گەرمی بۆ هەلبژاردنو هینانە مەیدانی خەلک بکەن. بۆ وینە ئەگەر لە هەلبژاردنەکانی پیشوودا تەئییدی سەلاحییەتی کاندیداکانیش وەک هەلبژاردنەکان دەبوونە مایەیەک بۆ سەرقاڵکردنی خەلک، ئەمجارەیان لەبەر کەمیی رادەی کاندیداکان ناچار بوون داوا لە هیندیک مۆرە بەد ناوو بەکریگیراوەکانی خۆیان بکەن کە خۆیان کاندیدا بکەنو بەم چەشنە نەهیلن بازاری هەلبژاردن کەسادییەکی بەرچاوی پیوە دیار بێ. تەنانەت خامنەیی ریبەری ریژیمیش ناچار بوو ئیعتراف بکا کە ئەمجارەیان تەئییدی سەلاحییەتی کاندیداکان زۆر گرنگیی پێ نەدراوەو بە وتەی ئەو، گۆیا بیستوویەتی ژمارەیەک کە سەلاحییەتیان نیە، ریگایان پێ دراوە کاندید بنو بۆ دلنیایی خەلکیش فەرموویان کە: "ئەگەر بزانین کەسانیک سەلاحییەتیان نیە ئەگەر دەنگیشیان هینابیتەوە، وەلایان دەنیین."(*) سەبارەت بە رادەی بەشداریی خەلکیش دامودەزگا تەبلیغییەکانی ریژیم ئەمجارەشیان وەک جارەکانی پیشوو بۆ پەلکیشکردنی خەلک بۆ سەر سندووقەکانی بەناو هەلبژاردن کەوتنە خۆ: "کاتی هەلبژاردن لە فلانو فیسارە شار دریژ کرایەوە، زیاتر لە ؟٪ی کەسانی خاوەن دەنگ لە تاران بەشدارییان لە هەلبژاردندا کردوە، بەشداریی خەلک بەرچاو بووەو . . ."

سەرەرای هەموو ئەو هەوڵانەش کە باس کرا، ئەوەی ریژیم لیی دەترسا هاتە پیشێ. خەلک ئەمجارەیان بە وریاییەکی زیاترەوە ئیرادەی سیاسیی خۆیان نیشان دا. ئەمجارەیان بە چۆڵکردنی دەورووبەری سندووقەکانی بەناو دەنگدان تەعبیریان لە ویستو ئیرادەی خۆیان کردەوەو نیشانیان دا کە چی دیکە ناکرێو ناتوانرێ راستییەکانیان لێ بشیوینو گالتە بە ئاواتو ئارەزووەکانیان بکرێ. ئەگەرچی لیرەدا دەرەتانی باس کردنی ریژەی بەشداریی خەلک لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵاتدا نیە، بەلام ئاماژەکردن بە ریژەی بەشداریی خەلک لە دوو شاری سەرەکیی وڵات، واتە قوم وەک ناوەندی مەزهەبیی ریژیمو تارانیش وەک ناوەندی سیاسی، لە زمان دامودەزگاو راگەیەنە گشتییەکانی ریژیمەوە بکەین: لە شاری مەزهەبیی قومدا ریژەی دەنگدەران کەمتر لە ١٩٪و لە شاری تارانیش ئەم ریژەیە لە ١٢٪ی کەسانی خاوەن دەنگ بوو. ئەم ئەزموونە کە وەدەست کۆمەڵانی خەلک کەوتووە، لە جیی خۆیدا گرنگییەکی تایبەتیی هەیەو بەر لە هەموو شتیک نیشانەیەکە لە نیشانەکانی وریایی سیاسیو پیکهاتنی ئیرادەیەکی یەکگرتووی خەباتکارانە بۆ خەبات لە دژی دەسەڵاتی سەرەرۆیانەی ریژیمی کۆماری ئیسلامی بە هەموو دەستەو تاقمە دەستکردەکانییەوە.

بێمتمانەیی هاووڵاتیان بە بەناو ریفورمخوازان وەک یەکیک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەو هەلبژاردنە دەتوانێ لە ئیستاوە دوورە دیمەنی هەلبژاردنەکانی سەرکۆماریو مەجلیسیش هەم بۆ کاربەدەستانی ریژیمو هەمیش بۆ بیرورای گشتیی جیهانیان دەسنیشان بکا. دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی خەریکە ئەم کارتەش (ریفورمخوازان) کە وەک بەلاگیرەوەیەک بەکاری هیناوە لە دەست دەدا. ئەمجارەیان ئیتر ئەوە ریژیم لە تەواوەتی خۆی دایە کە بەرەورووی ئیرادەی گۆرانکاریخوازانەو دیموکراسیخوازانەی خەلک بۆتەوەو چاوەروانیش دەکرێ کۆمەڵانی خەلکی وڵات لە مەیدانی سەرکیی خەبات لە دژی ریژیمداو لە ژیر دروشمی رووخانی کۆماری ئیسلامیدا کۆ بنەوە.

* * *

(*) دەقی قسەکانی خامنەیی لە رۆژی هەینی ٩ی رەشەمە، لە ناوەندی رادیۆو تەلەویزیۆنی ناوەندی زاهیدان بلاو کرایەوە.

# بەیاننامەی "یەکیەتیی کردەوە بۆ دیموکراسی" بە بۆنەی بیستو چوارەمین سالرۆژی شۆرشی ریبەندانەوە

## پیویستیی ئەمرۆ، یەکیەتی بۆ وەدیهینانی ئامانجە دیموکراتیکەکانی شۆرشی ریبەندانە

لە ٢٢ی ریبەندانی ١٣٥٧دا، بە میلیۆنان خەلکی ئیران بە مەبەستی بنیاتنانی ئیرانیکی ئازادو بەدوور لە دیکتاتۆریو سەرەرۆیی، راپەرینو نیزامی شایەتییان بە هەموو ئۆرگانە سەرکوتکەرەکانییەوە رووخاند. ئەوان راپەرین تا دەنگی ئیرانیکی نوێ، ئاوەدانو سەربەخۆ بنیات بنین. بەلام هەر لە رۆژی یەکەمی دوای سەرکەوتنی شۆرشەوە، دەنگی زیندووکردنەوەی ملهۆریو سەرەرۆیی بە شیوەیەکی دیکە لە لایەن دەسەڵاتدارانی تازەوە، بەرز کرایەوەو بە راگەیاندنی "کۆماری ئیسلامی نە وشەیەک زیاتر، نە وشەیەک کەمتر" گیانی وەبەر نرا. شۆرشی خەلک لە پیناوی زاڵبوونیان بەسەر چارەنووسی وڵاتەکەیاندا بۆ جاری دووهەم لە میژووی ئیراندا، ناکام مایەوە. شۆرشی ریبەندان قەوارەی دەسەڵاتی سیاسیی گۆری، ریژیمی پاشایەتیی رووخاند. بەلام ئەمجارەیان دیکتاتۆرییەکی دیکە واتە ریژیمی ویلایەتی فەقیه لە قوولایی سەدەکانی نیوەراستەوە، سەری هەڵداو سەرەرۆیی مەزهەبی جیگای دیکتاتۆریی پاشایەتیی گرتەوە. حکوومەتی ئیسلامی ریگای وەدیهاتنی ئامانجە دیموکراتیکەکانی شۆرشی ریبەندانی بەست. ئازادییە سەرەتاییەکانی خەلکو دەسکەوتەکانی شۆرشی ریبەندانی رۆژ بە رۆژ پتر بەرەو کوشتارگە برد. خۆشیو ئاسوودەیی خەلک بەهۆی تالانچییەکانەوە زەوت کرا. مافە نەتەوایەتیو ئینسانییەکانی لە گەلانی ئیران لە ژیر پیی چەکمەی پاسدارانی ئیسلامدا پیخوست کرد. ئەو رەوتە هەر وا دریژەی هەیەو کۆمەلگای ئیمە پاش چارەکە چەرخیک زالبوونی دەسەڵاتی رەشی دیکتاتۆریی تیرۆرو سەرکوت بە سەریدا، بەرەو شۆرشیکی دیکە پاڵ پیوە ناوە.

هەرچەند شۆرشی ریبەندان لەگەڵ سەقامگیربوونی حکوومەتی ئیسلامی تیک شکاو بزووتنەوەی دیموکراتیکو جەماوەری لە ئیراندا بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی بنیاتنانی کۆمەلگەیەکی ئازادو پشت ئەستوور بە ئیرادەی خەلک جاریکی دیکە لەگەڵ شکست بەرەوروو بوو، بەلام خەبات بۆ تیکەوە پیچانی بارگەو بنەی شەوەی دیکتاتۆری بەسەر کۆمەڵدا، رانەوەستاو ئەمجارەیان بە شیوەیەکی جەماوەری دریژەی کیشا. خەلکی ئیران کۆلیان نەداو توانای بەکردەوەی بزووتنەوەی مەدەنیی ئەمرۆ کە تەنگی بە حکوومەتی ئیسلامی هەڵچنیوە، بەرهەمی دریژەکیشانی بێوچانی ئەم خەباتەیە. ئەمرۆ زەنگی مەرگی کۆنەپەرستیی مەزهەبی زرینگاوەتەوە. سیمای شاراوەی کۆنەپەرستی مەزهەبیو یاساکانی سەدەکانی نیوەراستی لە رەوتی ژیانو خەباتی خەلکدا ئاشکرا بووە. هەولی قۆلیک لەو حکوومەتە بەمەبەستی پاڵپیوەنانی نارەزایەتییەکانی خەلک بەرەو بەستینی کیشە نیوخۆییەکانی حکوومەتو بە نیازی رزگارکردنی ریژیمی ئیسلامی لە رووخان، لە برەو کەوتوە.

ئیستا رزگاری لە دەسەڵاتی حکوومەتی مەزهەبی ئامانجی سەرەکیی بزووتنەوەی دیموکراتیکی خەلکی ئیرانە. شکانی شۆرشی ریبەندان دەرسیکی گرنگی لەگەڵدا بوو. شکستی شۆرشی ریبەندان دەریخست کە پیداگرتن بەتەنیا لەسەر دروشمە رەتکەرەوەکان (شعارهای سلبی) ئاکامیکی دلخوازی بەدواوە نابێو دەبێ هەر لەمرۆوە نیوەرۆکو ماهییەتی ئەو سیستمەی جیگای ریژیمی ئیستا دەگریتەوە، ببێ بە مەسەلەی گشتیی بزووتنەوەی خەلک لە بیستو چوارەمین سالرۆژی شۆرشی ریبەنداندا.

کۆمەلگەی ئیمەی لە هەموو باریکەوە لە هەلومەرجیکی قەیرانی دایە. لە لایەکەوە حکوومەتی ئیسلامی پاش ٢٤ ساڵ، وڵاتی بەرەو دارمان بردووەو هیشتا خەلکی وڵاتی ئیمە دیلی حکوومەتیکن کە تەنانەت ریفۆرمخوازانی نیو ریزەکانیشی، ددان بە گەندەڵبوونی زاتیی ئەو حکوومەتەو شکانی ئەفسانەی ریفۆرم هەلگربوونی ریژیمەکەیاندا دەنین. لە لایەکی دیکەشەوە، هەلومەرجی سیاسی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نیوەراستدا خەریکە گۆرانی بەسەردا دێو لە دەوروبەری وڵاتی ئیمە ئالوگۆری گرنگ روو دەدەن کە گومانی تێدا نیە شوین لەسەر چارەنووسی وڵاتی ئیمە دادەنین.

"یەکیەتیی کردەوە بۆ دیموکراسی" لە وریاییو هەنگاونانی بەوەختی هەموو هیزەکانی لایەنگری ئازادیو سەربەخۆیی ئیران لەم هەلومەرجە قەیرانییەی ئیستادا، لە هەموو کاتیک زیاتر بە پیویست دەزانێو پیی لەسەر دادەگرێ. ئیمە بەم هۆیەوەو هەروەها بە پیداگرتن لەسەر بەهیزکردنی بزووتنەوەی ئیعترازیو دیموکراتیکی خەلک، جاریکی دیکە هەموو هیزەکانی داواکاری ئازادیو دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بۆ وەدیهینانی ئازادیو دیموکراسی لە ئیران، لە سەر بناغەی کۆبوونەوە لە دەوری سەرەکیترین داخوازەکانی خەلک، بانگەواز دەکەین.

**لە روانگەی ئیمەوە داخوازە بنەرەتییەکانی خەلک بریتین لە:**

**- رووخانی ریژیمی کۆماری ئیسلامی ئیران.**

**- جیگیربوونی نیزامیکی دیموکراتیکو خەلکی لە شکلی کۆمارداو پشت بەستوو بە هەلبژاردنی ئازادانەی زۆرایەتیی خەلکی ئیران.**

**- دابینبوونی ئازادییە سیاسییەکانو مافە دیموکراتیکو مەدەنییەکانی خەلکو دەستەبەرکردنی ئازادیی حیزبو ریکخراوەکان.**

**- دابینبوونی مافە نەتەوەییەکانی گەلانی ئیران.**

**- جیایی بە تەواویی دین لە حکوومەتو ئازادبوونی هەموو بیرو باوەرەکانو ئایینو مەزهەبەکان.**

**- هەلوەشانەوەی هەر چەشنە هەلاواردنیکی جینسیو دابینبوونی بەرابەریی مافەکانی ژنانو پیاوان.**

**- دابینبوونی مافەکانو بەرەو ژوور چوونی ئاستی ژیانی کریکارانو زەحمەتکیشانو مووچەخۆران.**

**- دابینبوونی مافی حاکمییەتی خەلکی ئیران لە پیوەندییە نیونەتەوەییەکانداو دژایەتی لەگەڵ هەر چەشنە دەستیوەردانیکی دەرەکی.**

**بژی ئازادی**

**بڕووخێ ریژیمی کۆماری ئیسلامی**

**کومیتەی یەکیەتیی کردەوە بۆ دیموکراسی**

**٢٢ی ریبەندانی ١٣٨١ هەتاوی**

**(١١ی فیوریەی ٢٠٠٣)**

# بڕووخێ ریژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئیران

# قسەکانی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە لە ڕێورەسمی سەرەخۆشیی تێکۆشەری دێرین مامۆستا عەبدولرحمان لاهیجانیدا

میوانە بەڕێزەکان!
هاوڕێیانی خۆشەویست!
خوشكو برا ئازیزەکان!

لەدەوری یەك كۆبووینەوە بۆ یادی شۆڕشگێڕێکی لەمێژینەی حیزبەکەمان، ئینسانێکی بەئیمانو بەوەرەو سادقو موخلیس کە پێموایە بۆ یەك یەکی ئێمە بەتایبەتی ئەوانە کە عومرێکمان دەگەڵی ڕابواردوە، ئاشنایە. ئەو تێکۆشەرە گەورە، مامۆستا مەلارەحمان لاهیجانییە کە پاش عومرێك خەباتو تێکۆشانو بەربەرەکانی دەگەڵ دیکتاتۆریو کۆنە پەرستی، دوێنێ دوانیوەڕۆیە بۆ ئاخرجار چاوی لێك نان و بەجێی هێشتین. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا هاودەردی دەگەڵ یەکێك لە هاوڕێیانمان دەکەین کە سێ ڕۆژ لەوە پێش بابی بەرەحمەتی خودای شاد بووەو عومری درێژی بۆ ویو بۆ خۆشەویستانی دیکەی بەجێ هێشتوە. مام خدر کەسرایی، بابی کاك محەمەد کەسرایی، ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی.

مامۆستا مەلا ڕەحمانی لاهیجانی عومری خەباتگێڕانەی لە عومری حیزبی دیموکراتی کوردستان درێژتر بوو، ئەو هەر لە دەورانی کۆمەڵەی(ژ ـ ك) ڕا واریدی خەباتو تێکۆشانی گەلەکەمان بووە. لەواقیعدا هەرکە حیزبی دیموکرات دامەزراوە ئەویش بۆتە ئەندامی حیزبی دیموکرات.ساڵانی دیکتاتۆریی پاشایی لە ئێراندا، ساڵانی فیداکاریو ئازایەتیو کۆڵنەدەری، قارەمانەتی لە زیندانەکانی ڕێژیمی پاشاهی دابوون. دەقیق لەبیرم نیە، بەڵام ساڵانێکی زۆری لە زیندانێ گوزەراند بێئەوەی جارێك تەزەلزول لە ئیرادەیدا بەوجوودبێ.

لەپاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیو هاتنە سەرکاری جمهووریی ئیسلامییش، دەگەڵ ئەوەی ڕێژیمی تازە بەناوی دینەوە حکوومەتی دەکرد ئەویش لە پێشەوایانی دینی بوو، قەت بۆ لەحزەیەك تەزەلزول لە ئیمانی بە هەقانییەتی داخوازەکانی میللەتی کورددا پەیدا نەبوو. قەت باوەڕی بە هەقانییەتی ئەو ڕێژیمە نەکرد کە بەناوی دینەوە ستەمی نەتەوایەتیو چینایەتیو ئیجتماعیی بەسەر هەموو خەڵکی ئێرانێدا ڕەوا دەدی. ئەوانەی دەورانی ساڵەکانی دوای ئینقلابیان وەبیر دێ، سیمای پیاوانەو قایمو قوڵی مامۆستا مەلارەحمان لاهیجانییان بەبیر دێتەوە کە بەپێیان دێبەدێ، مەنتەقە بە مەنتەقەی پیرانشاری دەگەڕا بەخۆیو بەبرنۆیەکی درێژەوە کە پیاو هەیبەتو ئیمانی لە قیافەیدا دەخوێندەوە،لە باسی ئیمانی ئەو ئینسانەیدا هەرچی پیاو بڵێ ڕەنگە نەتوانی هەقی خۆی ئەدا بکا. من یەك دوو نموونەتان بۆ باس دەکەم کە بەڕاستی تەئسیریان لە سەر خۆم هەبووەو هەر دەمێنێ هەتا ماوم.

دەزانین مامۆستا مەلارەحمان تەنیا کوڕێکی هەبووکە پێشمەرگە بوو، ئەگەر بەسەهوو نەچووبم ساڵی ١٣٦٥ شەهید بوو. مامۆستا لە کۆمیتەی پیرانشارێ بوو، ئەو ڕۆژەی کە شەهید ببوو، ڕۆژی دووهەم بوو یائەوپەڕەکەی ڕۆژی سێهەم بوو، کە ئەمن بۆ مەئمورییەتێك گەیشتمە ئەو مەنتەقەیە کە زانیم شتی ئاوا بووە، چوومە سەرەخۆشییەکەی. دەمزانی کە مامۆستا هەر ئەو کوڕەی هەیە. ئەو کوڕەیەو کچێكو ژنەکەی کە هەر لەگەڵی نەبوون، لە ئێرانی بوون. کوڕەکەشی ژنی هەبوو یامنداڵێکی هەبوو یاهەر دوو منداڵەکەی ـ کە کوڕو کچێکن ئەلحەمدولیللا ئێستا گەورە بوونو ماون ـ ئەوانی هەبوو. ئەمن بەترسەوە دەچووم سەرەخۆشیی لێ بکەم، چونکە نەمدەزانی بەچ زمانێك لەگەڵی بەرەو ڕوو بم. بەڵام وەختێك چوومە ژووری دەگەڵی بەرەوڕوو بووم، ئەمن دەگەڵ کێوێك لە ئیمان، لەئیمان بە هەقانییەتی قەزییەی میللەتەکەی، ئیمان بە هەقانییەتی دینەکەیو ئیمانەکەیو خوداکەی، کەئەو کوڕەی تا ئەو لەحزەی ئیوی بووە ئێستا ئی خودایە. دەکری بڵێم ئەمن سوجدەم بۆ ئەو ئیمانە، بۆئەو وەرەیە برد. جارێکی دیکە لەو شوێنەی ئێستی لێی دانیشتووین، بۆمباران کراین. لەنەکاویکیش بومباران کراین خۆ کەس مەجالی ئەوەی نەبوو بڵی دەچمە پەناگایەك. کە هەر کەسەمان لەژووری خۆمان هاتینە دەرێ، لەو شوێنەی لێی بووین بۆ ئەوەی بزانین چ قەوماوەو چ نەقەوماوە، کێ شەهید بووەو کێ بریندار بووە. مامۆستا مەلارەحمان بەعومری حەفتاساڵییەوە تەنیا کەس بوو کەوەك خەدەنگ ڕاوەستا بوو، کڵاشینکۆفەکەی لە شانی دابوو، ڕەختەکانی بەستبوون،ئامادە بۆ هەموو بەرەنگارییەك.

ئەمن ئاخرجار کە بەخزمەتی گەیشتم بەداخەوە ئیدی نەمدیتەوە، بە موناسبەتی جێژنی قوربانەوە بوو کە لەگەڵ کاك حەسەن شەرەفی چووینە خزمەتی تا پیرۆزبایی لێ بکەین. لەمێژ بوو لە نەتیجەی پیریدا گوێی گران ببوون، لە نەتیجەی ئەو نەخۆشییە کوشندەیەدا کە دووساڵ بوو تووشی ببوو، زمانیشی شکا بوو، چاوەکانیشی کەتا دووساڵ لەمەوبەر دەیتوانی بەبێعەینەك پێیان بخوێنیتەوە، چاوەکانیشی هەر ئەوەندەیان دەدی کە لەنیزیکەوە ڕەفیقەکانی بناسیتەوە. بەڵام ئیمانی وی،ئیعتیقادی بە قەزییەی هەقانییەتی میللەتەکەی خۆی یەك زەرە نەلەرزیبوو، یەك زەرە نەبزووتبوو. ئێمەی دەناسی، لەووەختەدا دەستی لەسەر چاوی دادەنا، دەستی بلیند دەکردەوە بۆ ئاسمانی، کەدەیویست دوعا بکا خودا تەوفیقی حیزبەکەی بدا، خودا میللەتەکەی سەرخا. کەوا بێ بەڕاستی سەرمەشقێکی گەورەمان لەنێو ڕۆیشت.

ئەمن دەڵێم خۆشی بۆ ئەوانەی ئاوا دەژینو ئاوا دەمرن. خۆشی بۆ پیرێکی بەساڵداچووی کەنەفت بوو، کە بەجیمان دیلیو هەزاران لاو بۆی بەداخنو دەیکەنە سەرمەشقی ژیانیان. دەبێ بە هەموومان زیاتر ژیانی ئەو پیاوە گەورەی، ئیمانی ئەو پیاوەگەورەی بێنینە سەر کاغەز، بە نەوەی ئەوڕۆو دوارۆژی بناسێنین تا ببێتە سەرمەشقیان، بۆ ئیمانو ئیرادەو تەسمیم لە خەبات بۆ هەقو ئازادیی میللەتەکەی خۆیدا. بەداخەوە مامۆستا مەلارەحمان بەجێی هێشتین بێئەوەی حیزبەکەیو گەلەکەیو وڵاتەکەی وەك دەیویست ببینێ. بەڵام ئەرکەکەی بەمە سپارد کە ئێمە وەفادار بین بە ڕێگاکەیو ئەرکەکەی ویش بگرینە ئەستۆ، ڕێگاکەی ئیدامە بدەین تا ئەو جێیەی دەیگەیەنینە ئامانجی خۆی.

پێمخۆشە هەر لەباسی مامۆستا مەلارەحمانیدا ئاخر شت کە لێرەعەرزو دەکەم ئەوە بڵێم لە دووسێساڵی ئەخیردا بەتایبەتی لەیەكدووساڵی ئەخیردا مامۆستامەلارەحمان نەخۆش بوو، لەپێ کەوتبوو. ئەوکە عومرێك خزمەتی ئامانجەکانی میللەتی کوردی کردبوو، ئێستا ئیحتیاجی بە خزمەت هەبوو. کچێکی هەبووو زاوایەك. ئیجازەم بدەن بڵێم کوڕێكو کچێکی هەبوون. ئەوانە زۆر بەشایستەیی وەزیفەی خۆشیانو وەزیفەی ئێمە تەك تەك ڕۆڵەکانی دیموکراتیشیان بەجێ هێنا بەرابەر بەو پیاوە گەورەیە. بەدڵەوە دوعا دەکەم، خودا ئەوی وەبەر ڕەحمەتی خۆی بخاو خودا ئەجری ئەو کوڕو کچانەی وی لەجیاتی مەشو خۆشیانو خۆشی بداتەوە. بەش بەحاڵی خۆم تادەمرم نەخشی ئەو کوڕو کچانەم لەبیر ناچیو لەئەعماقی وجوودمەوە سوپاسیان دەکەم. بۆئەو وەزیفەی بەجێیان هێنا. هەم وەك خۆیان هەم لەجیاتی ئێمە تێکۆشەرانی دیموکرات.

وەك عەرزکردن فەقیدی دووەمی ئێمە، مام خدری کەسرایی بابی هاوڕێی جێگری کۆمیتەی ناوەندی محەمەد کەسراییە. ئەو وەکوو پێشمەرگە لەنێوماندا نەبوو. بەڵام ڕەنگە کەم کەس هەبێ لێرە بیناسن. ئەگەر مامۆستا مەلارەحمان بابی شەهیدێك بوو، ئەو بابی دوو شەهیدان بوو. ئەو لەچوار کوڕان سێی بەخشیبوون بە کوردستان، یەکێکی بۆخۆی مابۆوە. خۆشیو ئەوکوڕەشی چی ئازارو ئەزیەت بوو دیتی لەدەستی بەکرێگیراوەکانی ڕێژیمی جمهووریی ئیسلامی. بەڵام قەت جارێك لەجاران بەدڵیدا نەهاتو بە مێشکیدا نەهاتو بەزمانیدا بەتەریقی ئەولادا نەهات کە داوا لە کوڕەکەی بکا بگەڕێتەوە. ئەو بەزمەی کە پێیاندەکردن بۆ ئەوە بوو کە کوڕەکەی بگەڕێتەوەو سەنگەری خەبات بەجێ بێڵێ. نەك هەر ئەوە هەمیشە شانازی بەوەی دەکرد کە کوڕەکەی لەمەیدانی موبارزەدایە. حازر بوو سێ کوڕانی ببەخشێ بەکوردستان. ژیانی خۆشی و کوڕەکەشی لە ژێر زەبرو زەنگی دیکتاتۆریو کۆنەپەرستیدا تاڵ ببێ، بەڵام بەسەر بەرزی بۆ خۆیو میللەتەکەی هەر بمێنی. هەتا لەئاخریدا چەند ڕۆژ لەمەو پێش، ئەویش بەمراد نەگەیشتوو لەوەدیهاتنی ئاواتەکانیو لە هاتنە سەر بەری داری ئاواتیو، دوور لە دیداری یەکێك لە کوڕەکانیو لە یادگارەکانی، ئەو دنیایەی بەجێ هێشتو خواحافیزیی لێ کردین.

لەلایەن خۆمو لەلایەن دەفتەری سیاسییەوە بەگەرمیو پڕبەدڵ سەرەخۆشی لەکەسوکاری هەردووکی ئەو عەزیزە لەدەست چووانە دەکەم، دەرەجاتی گەورەو بەهەشتی بەرینیان بۆ بەئاوات دەخوازمو بۆیان لەخودا دەپاڕێمەوە. هیوادارم ژیانی ئەوانە، سەرمەشقی ژیانی هەموو ئینسانێکی کورد بێ، هەتا ئەو وەختەی میللەتەکەمان بەئاواتەکانی دەگات.

هیوادارم ئێمەش هەموومانو هەموو تێکۆشەرانی دیموکراتو هەموو ڕۆڵەکانی گەلیکورد، بەردەوام بین لەسەر خەبات تائامانجەکانی ئەو خۆشەویستە لەدەست چووانەمان وەدی دێن.

**سوپاستان دەکەم.**

دریژەی لاپەڕەی ١

## کۆچی دوایی مامۆستا مەلا ڕەحمانی لاهیجانی نموونەی وەفاداری بە گەلو نیشتمان

ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ١٣٨١/١٢/٦، تەرمی ئەو مرۆڤە نیشتمانپەروەرە، لە ڕێورەسمێکی بەشکۆدا کە ئەندامانی ڕیبەریی حیزبو سەدان تێکۆشەرو بنەماڵەی کوردی ئێرانی تێیدا بەشدار بوون، لە گۆڕستانی شەهیدانی حیزب بە خاك سپێردرا. هەر بەم بۆنەیەوەش دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە لە ساڵۆنی گشتیی بنکەی دەفتەری سیاسی کۆڕێکی پرسەو سەرەخۆشی پێك هات. لە ڕێورەسمی پرسەدا، سکرتێری گشتیی حیزب هاوڕێی تێکۆشەر، عەبدوڵلا حەسەنزادە لەسەر ڕابردووی خەباتگێرانەو کەسایەتیی بەرزو ئیمانو بروای پتەوی مامۆستا عەبدولرەحمان بە ئازادیی گەلەکەی، قسەی کرد. پاشان هاوڕێی بەڕێز لوقمان مێهفەر ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیو زاوای خوالێخۆشبوو مامۆستا لاهیجانی لەگەڵ خوێندنەوەی بیوگرافی ئەو نەمرە، پەخشانێکی بەسۆزی بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەو، پێشکیش کرد.


دەقی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزبو پوختەی ژیانی خەباتگێرانەی مامۆستا مەلا ڕەحمان لە لاپەرە ٣ی ئەم ژمارەیە دایە.

## تەمەنێك خەباتو کۆڵنەدان لە ڕێی ڕزگاریی کوردستاندا

مامۆستا مەلارەحمانی لاهیجانی (کارەش) کوری ئەحمەد لەساڵی ١٢٩٩ لە گوندی عەلیاوای سەر بە شاری مەهاباد لەبنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر لە دایك بوو، دوایی ماڵیان چۆتە شاری شنۆو قۆناغی منداڵی لەو شارەدا بردۆتە سەرو خوێندنی سەرەتایی ئایینی لە حوجرەی مزگەوتی جامیعەی شاری شنۆ تەواو کردوە. دوایە لە ناوچەی لاجانی پیرانشار لەپێوەندی لەگەڵ پێویستیی خوێندنو جیبەجیکردنی ئەرکی نەتەوایەتی لە هەر دەرفەتێکدا کە بۆی ڕەخساوە کەڵکی وەرگرتووە.

لەمانگی ڕەزبەری ١٣٢١ لە کۆمەڵەی "ژ ـ ك"دا بەڕەسمی بە ئەندام وەرگیراو لەگەڵ دامەزرانی حیزبی دیموکراتیشدا ڕاستەوخۆ بوو بە ئەندامی حیزبو ساڵی ١٣٢٧ لەلای بەڕێز مامۆستا مەلا محەممەدی ماوەرانی ناسراو بە مەلا ڕەشە لە شاری مەهاباد ئیجازەی مەلایەتی وەرگرت. دواتر ژیانی هاوبەشی پێك هیناو بەرهەمی ئەو ژیانە هاوبەشەش کوڕێكو کچێکن. کوڕەکەی، مراد لە سەرەتای ١٣٦٠ بوو بە پێشمەرگەو فەرماندەیەکی کارامە کە بەداخەوە لە ٢ی بانەمەری ١٣٦٥ی هەتاوی لەشەڕێکی نابەرابەردا لە گوندی زیوەی ناوچەی پیرانشاردا گیانی لە پیناوی گەلو نیشتمانەکەیدا بەخشیو تێکەڵ بەکاروانی شەهیدان بوو.

مامۆستا مەلا ڕەحمان ساڵی ١٣٣٨ بۆ یەکەم جار لەلایەن ڕێژیمی شاوە گیراو تا ساڵی ١٣٤٠ لە بەندا مایەوە، بەدوای ئازادبوونیشیدا ڕێژیم دەستی لێ هەڵنەگرتو خستییە ژێر چاوەدێریی ساواك. ساڵی ١٣٤٤ بۆ جاری دووهەم گیراوەتەوەو بە زیندانی درێژخایەن مەحکووم کراوەو لە سەریەك ١٢ ساڵو ٦مانگ زیندانی کیشاوە. سەرەنجام ساڵی ١٣٥٣ لە زیندان ئازاد بووە. بەڵام مامۆستا بەهۆی ئەو بیرو باوەرە قووڵەی کە هەیبوو هەرگیز دەستی لە ئامانجو ڕیبازی دیموکرات هەڵنەگرتو ئەشکەنجەو ئازاری نێو زیندان ئیمانی پێ لەقو هەنگاوی پێ شل نەکردو لە تێکۆشاندا شیلگیرتری کرد.



لەگەڵ دەست پێکردنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە ١٣٥٧دا مامۆستا عەبدولرەحمان ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخسا کە وەك یەکێك لە ئازاترینو ناسراوترین کەسایەتیی خاوەن ڕابردووی سیاسی لە ناوچەی پیرانشار نەخشی سەرەکیی خۆی لە ڕێکخستنی خەڵك لە خۆپیشاندانەکان بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی لەدەڤەری پیرانشاردا بگیری.

مامۆستا خاوەنی چەندین تایبەتمەندی بوو. کوردێکی نیشتمانپەروەرو سیاسییەکی خۆشناوو خاوەن ڕابردووی سیاسی، ئایینیو کۆمەڵایەتی بوو. لە پلەکانی ئیمامو خەتیبی مزگەوتو بەرپرسی شوورای شاردا خەڵکی بۆ هاتنە مەیدان دژی ڕێژیمی دیکتاتۆری شا هان دەدا، دیموکراتیکی بەدیسیپلین بوو کە لە ژێر ڕینوێنییەکانی حیزبدا سیاسەتو هەڵویستەکانی حیزبی بەڕاشکاوی لە مزگەوتەکاندا باس دەکرد.

مامۆستا لاهیجانی لە ساڵی ١٣٥٨، لە یەکەم کۆنفرانسی حیزب لە ناوچەی پیرانشاردا بە ئەندامی کۆمیتەی شارستان هەڵبژێردراو تا ساڵی ١٣٦٤ لەو بەرپرسایەتییەدا مایەوە. لە سەرماوەزی ١٣٦٤دا لە بنکەکانی سەربە دەفتەری سیاسیدا شوێنی حەسانەوەی بۆ دیاری کراو، وەك سەنبولی خۆراگریو وەفاداری چاوی لێ دەکراو ڕێزی لێ دەگیراو تا کاتی ماڵاوایی یەکجاریی لە پەنا ڕیبەرایەتیی حیزبو بە ئاواتی سەرکەوتنەوە دەژیا. سەرەنجام کاتژمێر ٢/٢٠ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ٦ی ڕەشەمەی ١٣٨١ی هەتاوی لە تەمەنی ٨٢ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

"کوردستان" خەمو پەژارەی خۆی بۆ کۆچی دوایی بەڕیز مامۆستا مەلا ڕەحمانی لاهیجانی دەردەبڕێو خۆی لە خەمی لەدەست چوونیدا بە شەریكو بەشدار دەزانێ.

ڕووحی شادو
بەهەشتی بەرین جێگای بێ.

# ٣ی رەشەمەی٧٧، لووتکەی بەرزی باوەر و هەلچوونیکی کەم وینە

ع. بداغی



دیمەنیك لە خۆپیشاندانی ٣ی رەشەمەی ١٣٧٧ی شاری سنە

روژی ٣ی رەشەمەی ٧٧، لە رەوتی حەرەکەتە ئیعترازییەکانی خەلکی کوردستان دژی ریژیمی کوماری ئیسلامیی ئیراندا جیگەیەکی تایبەتی هەیە. خەلکی قارەمانپەروەری شاری سنە کە لە نەوروزی سالی ٥٨دا کوشتاری خەلكو ویرانی شارەکەیان وەك یەکەم دیاریی ئەو ریژیمە دی، جاریکی دیکەش بە خوپیشاندانی کەم وینەیان بوونە نوینگەی ویستو داخوازەکانی هەموو خەلکی کوردستان.

رفاندنی عەبدوللا ئوجەلانو تەحویلدانەوەی بە حکوومەتی تورکیە لە کوتایی ریبەندانی ٧٧دا بوو بە هوی وەریخرانی شەپولیکی بەرینی نارەزایەتی لە کوردستانو زوربەی ولاتانی جیهاندا. گەلی کورد لە کوردستانی ئیرانیش بو مەحکوومکردنی ئەو کردەوەیە رژانە سەر شەقامەکانو پیرو لاو، کیژو کورو مندال هاوسوزیو هاوپیوەندیی خویان لەگەل گەلی کورد لە کوردستانی تورکیە دەربریو رقو بیزارییان لەو پیلانە شوومەو گەلەکومەکییە نیشاندا.

وەریخرانی ئەو زنجیرە ئیعترازییانە پیش هەموو شتیك بە نیشانەی داکوکیو پشتیوانیی کوردەکانی کوردستانی ئیران لە خەباتی رزگاریخوازانەی کوردەکانی کوردستانی تورکیەو مەحککوم کردنی رفاندنی ئوجەلان بوو، بەلام دەرفەتیکیش بوو بو هینانەگوریی داخوازە سەرەکییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئیرانو دەربرینی نارەزایەتی لە بەرانبەر چەوەسانەوەوسەرکوتکرانیان لە لایەن ریژیمی کوماری ئیسلامییەوە. هەر بویەش ژیرانە ئەو هەلەیان قوزتەوەو بویرانە بە بەرز کردنەوەی ئەو دروشمانەی کە پیشاندەری ویستو داخوازەکانیان بوون، شەقامەکانیان بو جاریکیتر کردە گورەپانی خەباتی مافخوازانەیانو شوینی بەرەو رووبوونەوەیان لەگەل ریژیمی سەرکوتکەری کوماری ئیسلامی ئیراندا.

خوپیشاندەران لە سەرتاسەری کوردستاندا بە بەرز کردنەوەی دروشم گەلیکی وەك:

"هەتا کوردیك بمینی، مافی رەوای دەستینی"، "بژی حیزبی دیموکرات، پیشاندەری ریی خەبات"، "قاسملوو، شەرەفکەندی ریگاتان دریژەی هەیە"، "بژی هیزی پیشمەرگە"و خویندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب" لە کاتی خوپیشاندانەکاندا لە لایەك سوور بوونی خویان لە سەر داواو مافە رەواکانیان دەرخستو نیشانیاندا کە قەلاچوو سەرکوتو زەبرو زەنگ قەت ناتوانن بەچوکیان دابینن‌و لەلایەکی دیکەش پەردەیان لەسەر ئەو راستییانە لادا کەبە پیچەوانەی پروپاگەندەو ئیددیعاکانی ریژیم، ستەمی میللیو کیشەی نەتەوەیی لە کوردستاندا مەسەلەیەکی جیددییەو وەك کیشەی هەرە سەرەکی لە کوردستان لە ئارادایەو بەو پییەش خەبات بو لابردنی ستەمی نەتەوایەتیو دەستەبەر کردنی مافە رەواکانی گەلی کورد هەر دریژەی دەبیّ.

ریژیم کە چاوەروانی ئەوەی نەدەکرد ویستو داخوازو دروشمەکانی خوپیشاندەران لە چوارچیوەی دیاریکراو لە لایەن خویەوە کە بە روالەت فرمیسکی بو کوردەکانی تورکیە هەلدەرشت، بەو لاوەتر بچیو تەنانەت تا ئەو رادەیەش رادیکال بیتەوە، وەك ماری پیکراو سیماو روخساری راستەقینەی خوی بەرامبەر بە کورد دەرخستو بە وەریخستنی ماشینی کوشتار شەقامەکانی بە خوینی رولەکانی گەلی کورد رەنگین کرد و کەوتە سەرکوتکردنی بیبەزەیییانەی خوپیشاندەرانو بە سەدان جەستەی شەلالی خوین کردو سەدان کەسیشی رەوانەی زیندان کرد. ئەو شیوە سەرکوتکردنە کە تەنیا لە کوماری ئیسلامی دەوەشیتەوە، ئەو راستییەی ئاشکرا کرد کە تا چ رادەیەك بو پیکانی ئامانجە چەپەلە سیاسییەکانیو ماسی گرتن لەو ئاوە لیلەدا پر فروفیلو ریاکارانە جولاوەتەوەو ئەگەر لە سەرەتادا لە چەند شار ئیجازەی وەریخرانی خوپیشاندانی بە مەرجو نەبەزاندنی هیلی سووری تایبەتو دیاریکراوی دابوو، تەنیاوتەنیا بە مەبەستی کەلك وەرگرتن لە دۆزەکە بووە.

گەرچی خوپیشاندانەکان زوربەی نیزیك بە تەواوی شارەکانی کوردستانیان گرتبووە، بەلام خوپیشاندانو ریپیوانی دەیان هەزار کەسیی خەلکی شاری سنە لە روژی ٣ی رەشەمەدا وەك یەکیك لە گرینگترین جوولانەوە ئیعترازییەکان هەم لە بارەی ریژەی بەشدارنو هەم لە باری شیوەی توندی سەرکوت کردنەوە، جیی سەرنجو تیرامانە.

لەو روژەدا کە گرکانی هەلچووی رقو بیزاریی خەلك ریژیمی کوماری ئیسلامی تا ئیسقان داپلوخاندبوو، زوربەی زوری خەلکی شاری سنە بە دانی دروشمی "بژی حیزبی دیموکرات"، "قاسملوو قاسملوو، ریگات دریژەی هەیە" و "مەرگ بو خامەنەیی" ئەوپەری بیزارییان لە ریژیم خستە روو و پشتیوانیو ئەمەگناسیی خویان بو حیزبی دیموکرات، ریبەری بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئیران دووپات کردەوە. هیزە دژە گەلییەکانی ریژیم کە لەمیژ بوو لە دەرفەتیك دەگەران تا دیسان رقو قینی خویان وەك نەوروزی خویناویی ٥٨ بە سەر خەلکیشاری سنەدا هەلریژنو چاوترسینیان بکەن، بە شیوەیەکی درندانە پەلاماریان بردە سەر خوپیشاندەرانو بە چەکی جوراوجور دایاننە بەر دەسریژ. لە ئاکامی ئەو هیرەشەدا دەیانکەس لە رولە بیتاوانەکانی گەلەکەمان شەهید کرانو سەدان کەسیش بریندار بوونو هەروەها سەدان کەسیش دەسبەسەرو رەوانەی زیندان کران. لە زیندانیشدا بە ئازارو ئەشکەنجەیان نەوەستانو ماشینی کوشتاریان وەگەر خست. دوزینەوەی تەرمی بیگیانو ئەشکەنجەکراوی چەند کەس کە لە بناری ئاویەر فری درابوون، پیشاندەری ئەوپەری وەحشیگەریی ریژیمی کوماری ئیسلامی دەرهەق بە گەلی کورد بوو.

ئەوەی لیرەدا ناکری هەروا بە هاسانی بە تەنیشتیدا تیپەرین، هەلویستی بە ناو ریفورمخوازەکانی تازە بە دەسەلات گەیشتوو بە هەمبانەیەك دروشمی زریقەو بریقەدارو هەلخەلەتین بوو کە بریاری سەرکوتو قەلتوبری خوپیشاندەرانی ریبەندانو رەشەمەی ٧٧و وەپالدانی دەیان تومەتی نارەواو نابەجی بەو خەلکە بەشخوارەوە بوو. رەوتی بە ناو ریفورمخوازی بە سەروکایەتیی خاتەمی کە بە هەموو تواناوە هەولی دەدا دیمەنیکی شارستانیتی لە ئیرانیکی نویدا، بە دنیای دەرەوە بە تایبەت روژئاوا نیشان بدا، تەنانەت روژنامەکانیشی کە لەوکاتەدا دەرەتانیکیان بو راگەیاندنی ئەو رووداوە هەبوو، لە بەرامبەر جینایەتەکانی ریژیم لە کوردستان بە تایبەت ٣ی رەشەمە قرو قپ بوونو تەنانەت تاقە دیریکیشیان وەك هەوالی ئەو کارەساتە بلاو نەکردنەوە، چ بگا بەوەی بە دوادا چوونو داوای لیپرسینەوەو بە شویندا چوونیان هەبی.

پاش تیپەرینی ٤ سال بە سەر رووداوی ٣ی رەشەمەی ٧٧دا لە خوپیشاندانە یەك لە دوای یەکەکانی خەلکی شاری سنەو هەموو کوردستانو وەریخستنی حەرەکەتی ئیعترازی لە هەر بونەو دەرفەتیکی رەخساودا، ئەو راستییەمان بو دەردەخا کە گەلی کورد لە کوردستانیئیران بە سەرکوتو قەلتو برو قەلاچو بە چوك دانایەو بیری بنەبر کردنی هەستی نەتەوایەتیو کز کردنی بیرو باوەری رزگاریخوازانە خەونیکی نەزوكو خەیالیکی پووچە.

ریژیم باش دەزانی کە کوردستان گرکانیکی چالاكو مەکوی رقیکی پەنگ خواردوە، بویە بە رادەیەك لە خەلکی کوردستان زراوی چووە کە دەبینین پاش تیپەربوونی ٤ سال لە رووداوەکەی ٣ی رەشەمەی ٧٧، لە سالروژی ئەو رووداوەدا هیزە دژی گەلییەکانی کە تەیار بە هەموو چەكو ئامرازیکی سەرکوت بوون لە شارەکانی کوردستان جیگیر کرد تا ئامادەی سەرکوتی هەر جموجولو حەرەکەتیکی ئیعترازیی خەلك بن. ترسو دلەخورپەی هیزە بە ناو ئینتیزامییەکانی ریژیم لە شاری سنەدا زیاتر لە هەر جیییەك بەدیدەکرا. گاردی تایبەتی سەرکوت کە وەك جالجالوکە هەموو کەلینو قوژبنیکی شاریان تەنیبوو، بەردەوام بو پیشگرتن بە هەر چەشنە جوولەیەکی ئیعترازی لە لایەن خەلکەوە لە نیو شاردا مانوریانداو بە توندی پیشیان بەکوبوونەوەی چەند کەسیی خەلك دەگرت. هیزە دژیگەلییەکان لە چووكترین بیانوو دەگەران تا هەلکوتنە سەر خەلكو تینویتیی خویان بە خوینی رولەکانی کوردو سەرکوت کردنیان بشکینن.

وا لە چوارەمین سالروژی کارەساتی رەشەمەی خویناویدا، جاریکیتر ریز دەگرین لە خەباتو فیداکاری گشت خەلکی کوردستانو سلاو دەنیرین بو شەهیدانی روژی ٣ی رەشەمەی ٧٧ و هەموو شەهیدانی حیزبو گەلو بە چاوی ریزەوە سەیری لەخوبوردوویيو فیداکارییەکانی خەلکی شاری سنەی خویناوی دەکەین.

❋❋❋

## هیزە ئەمنییەتیو ئینتیزامییەکانی ریژیم لە شاری ورمیٚ چەند کەسیکیان بریندار کردو پتر لە ٥٠ کەسیشیان گرت و زیندانیان کردن

چەند رۆژ لەمەوبەر ژمارەیەك لە خویندکارانی کوردی زانکۆی ورمیٚ بۆ پیکهینانی کۆبوونەوەیەك لە شوینیکی دیاری ورمیٚدا، داوایان لە ئوستانداریی ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاوا کرد کە بە شیوەیەکی رەسمی ریگەی پیکهینانی ئەو کۆبوونەوەیەیان پیٚ بدا. ئەم کۆبوونەوەیەش لە لایەن پینج نوینەری کوردی مەجلیسی شوورای ئیسلامی و یەك لەوان نوینەری ورمیوە پشتیوانیی لیٚکرابوو و لەم پیوەندییەدا لەگەلٚ ئوستانداریی ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاواش هاوئاهەنگی کرابوو. بەم پیٚیە هەوالی پیکهاتنی ئەم کۆبوونەوەیە لە ریگەی راگەیەندراویکەوە بە خەلك راگەیەندرابوو. بەلاٚم پیش نیوەرۆی رۆژی سیٚشەممە ١٣ی رەشەمە لە حالیك دا ئۆگرانی بەشداری لەم کۆبوونەوەیە لە شوینی دیاریکراودا ئامادەبوون، نەك هەر لە لایەن هیزە ئەمنییەتیو ئینتیزامییەکانی ریژیمەوە پیشیان پیٚگیرا، بەلکوو لەلایەن فەرماندەریکی هیزەکانی ریژیمەوە بە توندی سووکایەتییان پیٚ کراو مەئموورەکانیش بە باتوم کەوتنە گیانی خەلکەکە کە چەند ژنیکیشیان لەگەلٚ بوون. هیرشی هیزە ئینتیزامی و ئەمنییەتییەکانی ریژیم بە رادەیەك توندو درندانە بوو کە چەند کەس لە بریندارەکان بە هۆی سەختیی برینەکانیانەوە گویزرانەوە بۆ نەخۆشخانەو پتر لە ٥٠ کەس لە ئۆگرانی بەشداری لەم کۆبوونەوەیەش کە زۆربەیان خویندکاری زانکۆی ورمین، گیرانو لە زیندان کران کە هەر ئیستا لە بەندی سیاسیی ئیدارەی ئیتیلاعاتی ورمیٚ دا کەوتوونە ژیر ئەشکەنجەو ئازارەوە.

بە سەرنجدان بە نیوەرۆکی دژیگەلیی ریژیمی کۆماری ئیسلامیو هەروەها رەفتاری توندو سەرکوتکەرانەی دەزگا ئیتلاعاتیو ئەمنییەتییەکانی ئەم ریژیمە، ئاساییە ئەگەر نیگەرانی چارەنووسی گیراوەکانی رۆژی ١٣ی رەشەمەی ورمیٚ بین. بۆیە داوا لە ریکخراوەکانی پاریزەری مافی مرۆڤو ئازادییە ئینسانییەکانو هەروەها لە خەلکی بەشەرەفی ورمیٚو خویندکارانی زانکۆی ئەم شارە دەکەین کە لە بەرامبەر چارەنووسی ئەو گیراوانەدا بیدەنگ نەبنو لە پیناوی ئازادیی ئەوان دا هەولٚ بدەن.

# تیکۆشان له دەرەوەی وڵات

## نورویژ

### یادکردنەوەی ٢ی ریبەندان له شاری تروندهایمدا

یەکیـەتیی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئیران ـ لقـی تروندهــایم (**Trondheim**) بە مەبەسـتی یادکردنـەوەو ریزنـان لـە ٢ی ریبـەندان، سالرۆژی دامەزراندنی کوماری کوردستان، ریورەسمیکی تایبەتی له سـالونی "گرهارد شونینگ"ی شاری تروندهایمدا بەریوه برد. لەو ریورەسمـەدا کـە لـە روژی چوارشەممە ریکەوتی ٢٠٠٣/٢/١٥دا بەریوه چوو، زیاتر له ٢٠٠ کەس له کوردەکـانی دانیشـتووی تروندهـایم بەشـدارییان کـرد. لـەو ریورەسمـەدا پەیامی یەکیـەتیی لاوانو وتـاری کومیتـەی حـیزب لـە شـاری تروندهـایم خویندرانەوه. ریورەسمەکـە بـە پیشـکەش کردنـی چـەند سـروودو گورانـیو هەروەها هەلپەرکیی بەشداران تا کاتژمیر ١١ی شەو دریژەی کیشا.

## هولەند

### بەشداری له پرسەی شەوکەتی حاجی موشیردا

روژی یەکشـەممه ریکـەوتی ٢٠٠٣/٢/١٦ هەیئـەتیکی نوینەرایــەتیی کومیتەی حیزب له هولـەند بەشـداری لـە ریورەسمـی پرسـەو سەرەخوشـیی شەهید شەوکەتی حاجی موشیر، یەکیك له بەرپرسانی یەکیەتیی نیشـتمانیی کوردستان کرد. هاوری سادق زەرزا، بەرپرسی کومیتـەی حـیزب لـە وڵاتـی هولەند لەو ریورەسمەدا وتاریکی پیشکیش کـرد. بـەریزیان لـە وتارەکـەیدا ویرای ئاماژه بەوەی که حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران زیاتر له هەموو حیزبـە کوردسـتانییەکان بوتـە قوربـانیی تـیروو تـیروریزم لـە شـیوەی جوراوجوریدا، رقو بیزرایی خوی له هەر کردەوەیەکی تیروریستی دەردەبریو ئەم کردەوه تیروریستییەشی بە توندی مەحکووم کرد.

لەو ریورەسمەدا که له لایەن یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانەوه له شاری لاهە بەریوه چوو، سەدان کەس له نوینـەرانی حـیزبو ریکخـراوه سیاسـییە کوردییەکانو کوردەکانی دانیشتووی ئەو شاره بەشدار بوون.

پیویسته بگوتــری شـەوکەتی حـاجی موشـیر، یـەکیك لـە ئـەندامانی بەریوەبەرایەتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردسـتان روژی شـەممه ٢٠٠٣/٢/٨ لەلایەن تاقمی "پشتیوانانی ئیسلام"ەوه تیرورکرا.

***

## سویس

### چاوپیکەوتنەکانی نوینەری حیزبی دیموکرات له دەرەوەی وڵات

کومیتــەی حــیزبی دیموکراتــی کوردستانی ئیران له وڵاتی سـویس لـە چوارچیـــوەی دیــدارو پیوەندییـــە سیاسـییەکانی خـوی لەگـەل حـیزبو لایەنـە بریـار بەدەسـتەکانی وڵاتــی سویسرا، زنجیرە چاوپیکـەوتنیکی بـو هاوری خوسرەو عەبدوڵلاهی، نوینـەری حیزب له دەرەوەی وڵات پیك هینا کـە بە کورتی ئاماژەیان پیدەکەین.

### دیدار لەگەل دەبیری یەکەمی حیزبی سوسیال دیموکرات

کـاتژمیر ٢/٣٠ پـاش نیـــوەروی روژی سیشـــــەممه ریکـــــــەوتی ٢٠٠٣/٢/١٨، کومیتـەی حیزب لـە وڵاتی سویس به سەروکایەتیی هـاوری خوسـرەو عـــەبدوڵلاهیو هاوریيــەتی هاوریيـان عـادل ئەلیاسـی، بەرپرسـی کومیتەو پیوەندییـەکانی حیزب لـەو وڵاتە، مستەفا پیروتیو زوبەیر ئەمینی [ئەندامانیکومیتـە] سـەردانی بــەریز ڤیلی ستاند (**Willi zahand**)یان کرد. لەو چاوپیکەوتنەدا کە له شـاری "کانتون بیرن" بەریوه چـوو بـاس لـە وەزعییــەتی سیاســیو ئــابووریی کوردسـتانو ئـیران، پروسـەی بـە نـاو ریفورمخوازی بەشیك له دەسەلاتدارەتیو سیاسـەتو هەلویسـتەکانی حـیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران کراو هـەر دوولا لەم بارەوه بیرو رایان گورییەوه.



هاوریٚ خۆسرەو عەبدوڵلاهی

### دیدار لەگەل بەرپرسانی ئیدارەی کاروباری پەنابەرانی سویس

کاتژمـیر ٤ی پــاش نیــوەروی هـەمان روژ هەیئـەتی نوینەرایــەتیی کومیتـەی حیزب بـە سـەروکایەتی هاوری خوسرەو عەبدوڵلاهی چـاوی بـە بــەریزان ئــورس ڤینکلــیر (**Urs winkler**)، جیگری بەرپرسی ئیدارەی کاروباری پەنابەرانی سـویس (**BFF**) و ئورسیەگی (**Urs yagi**) ، کارنـاسو شارەزا لـە کاروبـاری سیاسـیی ئـیران کـەوت. لـەو چاوپیکەوتنـەدا هــاوری خوسرەو عەبدوڵلاهی، نوینەری حـیزب لەدەرەوەی وڵات باسـیکی گشـتی لـە سەر وەزعییەتی پەنابەرانی ئیرانیو بە تایبــەت پەنابــەرانی کــورد کــردو هویـەکانی پـەرەوازە بـوونو هــەڵاتنی لاوانــی لــە ئـیرانو کوردسـتانی شــی کردەوه. هاوری خوسـرەو عــەبدوڵلاهی سیاسـەتی سـەرکوتو زەبـرو زەنگــی کوماری ئیسـلامیی بـە سـەرەکیترین هوکـاری راکـردنو پـــەرەوازە بوونــی ئیرانییەکان ناو برد.

### دیدار لەگەل ئەندامی کومیسیونی دەرەوەی وەزارەتی دەرەوەی سویس

کـاتژمیر ٥/٣٠ روژی سیشـــەممه ریکــەوتی ١٨ی فیوریــە هاوریيـــان خوسرەو عەبدوڵلاهی، نوینەری حـیزب له دەرەوەی وڵاتو عادل ئەلیاسـی لـە کومیتەی حیزب له سـویس سـەردانی وەزارەتی دەرەوەی سویسیان کـردو لـە لایـەن بـەریز دوکتـور پیتـیر ڤولمـیر (**Dr.peter vollmer**) پارلـەمانتارو ئـەندامی کومیسـیونی کاروبـــاری دەرەوەی ئــەو وڵاتــەوه پیشــوازییان لـیٚکرا.

لەو چاوپیکەوتنــەدا هەلومـەرجی سیاسیی ئـیرانو کوردسـتان، دریـژەی سیاسـەتی سـەرکوتو زەبـرو زەنــگ لەلایـەن دەسەلاتبەدەسـتانی کومـاری ئیسـلامیو هـەروەها پەرەسـەندنی حەرەکەتـە ئیعتزازییـەکانی گـەلانی ئیران خرانەبـەر باسو لیدوان. لـــە بەشیکی دیکەی ئـەو چاوپیکەوتنـەدا کیشـەی روژهـــەڵاتی نیوەراســتو رووداوەکـانی ئـەو دوایانـەی ناوچەکـە تاوتوی کران.

### دیدار لەگەڵ بەرپرسی پیوەندییە نیونەتەوەیییەکانی پارتی سوسیال دیموکرات

لــــــەدریژەی ســـــــــــەفەرو چاوپیکەوتنەکانی نوینەری حـیزب لـە دەرەوەی وڵات بـۆ وڵاتــی سـویس، کـاتژمیر ١١ی پیش نیـوەروی روژی چوارشـەممه ریکـەوتی ٢٠٠٣/٢/١٩، هەیئـەتی نوینەرایـەتیی کومیتـەی حیزب له سویس به سەرپەرەستی کـاك خوسرەو عەبدوڵلاهی، نوینـەری حـیزب لە دەرەوەی وڵات، سـەردانی دەفتـەری حیزبی سوسیال دیموکراتی سـویس لـە شاری بیرن پیتەختی ئەو وڵاتەی کـردو لەلایـەن بـەریز کاسـپار ســووتیر (**Kaspar sutter**) بەرپرســـــی پیوەندییە نیونەتەوەیییەکانی حـیزبی ناوبراوەوه پیشوازی لـیٚکرا.

لـەو چاوپیکەوتنـەدا ئاماژە بـە بریارنامـەی ئـەم دوایانـەی ئـەنتیر ناسیونال سوسیالیست لـە پیوەنـدی لەگەل مەسەلەی کورد له کوردسـتانی ئـیران کـراو هـەروەها پشـتیوانی لـە حیزبی دیموکراتـی کوردسـتانی ئـیران دووپـات کرایـەوه. لـە بەشـیکی ئـەو چاوپیکەتنـەدا هـەر دوولا لــە سـەر بـارودوخی سیاســیی روژهـــەڵاتی نیوەراسـتو سیاسـەتو هەلویسـتی حیزبەکانیان دوان.

### دیدار لەگەل سکرتیری گشتیی پارتی سەوزەکانی سویس

هەیئـەتی نوینەرایــەتی حـیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران کـاتژمیر ٢ی پــاش نیــوەروی هــەمان روژ (٢٠٠٣/٢/١٩) سەردانی دەبیرخانــەی حیزبی سەوزی سویسی کردو چاوی بـە بەریز هوبیرت زوورکیندین (**Hubert zurkinden**) ســکرتیری گشــتیی پارتی سەوزی ئەو وڵاتە کەوت.

له سەرەتای ئەو دانیشتنەدا بـاس له دوسـتایەتیو هـاوپیوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردسـتانی ئیران لەگـەل حیزبـە سـەوزەکان لــە وڵاتــانی ئورووپاییدا کراو دواتر دوزی کورد لـە ئیراندا، تیروریزمی دەولـەتیی ئیرانو پشـتیوانیی کومـاری ئیسـلامی لـە گرووپـە تیروریستییەکان خرانـە بـەر باسو لیدوانو هـەر دوولا لـەم بـارەوه بیرورایان گورییەوه. لەو دانیشتنەدا له لایەن کـاك خوسرەو عەبدوڵلاهییـەوه چەندین بەلگەو دیکومینتی جوراجـور لـە سـەر کردەوه تیروریسـتییەکانی کوماری ئیسلامیو هـەروەها لیسـتی زیندانیانی سیاسـیو نـاوی زیندانییـە سیاسییە ئیعدام کراوەکان پیشکەشـی بەریز هوبیرت زووکیندین کران.

***

# کۆتایی هاتنی دەورەی ١٤٧ای سەرەتایی پیشمەرگە

رۆژی شــــەممە ریکــــەوتی ٨١/١٢/١٠ دەســتەیەکی دیکــە لەلاوانی بەهەستو نیشـتمانپەروەری گەلەکـەمان پـاش کۆتـایی هــاتنی دەورەکـــــــەیان(دەورەی ١٤٧ی سەرەتایی پیشمەرگە) تیکەل بـەریزی تیکۆشەرانی دیموکرات بوون.

بــەو بۆنەیــەوە ریورەسمیکـــی تایبەتی بە بەشداری هـاوریی بـەریز کـاك کــاوە بــەهرامی، ئــەندامی کۆمیتــەی نــاوەندی و بەرپرســـی نـــاوەندی پـــەزیرش، هەیئـــەتی نوینەرایەتیی کۆمیسیۆنی سیاسـی ـ نـــیزامی، بــــەرپرسو کــــادرو پیشـمەرگەکانی فیرگـــەو هـــەروەها کۆمەلیك لــە تیکۆشـەرانی حیزبو بنەمالـەکانی دەوروبـەری دەفتـــەری سیاســی لــە فیرگــەی سیاســی ـ نیزامیدا بەریوە چوو.

ریورەسمەکــــە بەســـــروودی نەتەوایەتیی"ئــەی رەقیــب" دەسـتی پی کــرد. پاشـان بـەریز کـاك کـاوە بــەهرامی بـــەو بۆنـــەوە وتــاریکی پیشـکەش کـرد. کــاك کــاوە لــە ســـەرەتای قســـەکانیدا ویـــرای ماندوونـەبوونی لــە مامۆسـتایانی فیرگـەو پیرۆزبـایی لـە بەشــدارانی دەورەی ١٤٧ بەبۆنەی کۆتاییهــاتنی دەورەکەیانـــەوە، ئامــــاژەی بـــە تیپـــەربوونی ٢٤ســـال بەســـەر سەرکەوتنی شۆرشی گـەلانی ئـیرانو نـەخشو دەوری گـەلی کـــورد لـــەو شۆرشـــەو هەلویســـتی حـــیزبی دیموکـرات لـەو پیوەندییـەدا کـردو گوتـــی: "حـــیزبی دیموکراتـــی کوردســـتانی ئـــیران وەك ریبـــەری جوولانـــەوەی گـــەلی کـــورد هـــەر لەسەرەتاوە لەو باوەرەدا بــوو کــە لــە نیوەرۆکی ریژیمی کۆمـاری ئیسـلامی ناوەشیتەوە مافیك بــۆ گـەلی کـورد دابین بکا. بۆیە بۆ ریکخستنو ئامادە کردنی لاوانـی کوردسـتان بـۆ دیفـاع لەمانو مەوجوودیەتی گـەلی کـوردو دریـــژەی خــــەباتی میللــــی ـ دیموکراتیکـی ئەوگەلــە هـــەولی بیوچـانی داوەو ئـــەو هەولدانـــە ئیستاش هەر بەردەوامە."

بەرپرسـی نـــاوەندی وەرگرتنـــی پیشـمەرگە، پاشـــان ئامــــاژەی بـــە هەلومــەرجی ئیسـتای جیـــهان دوای شــــەری ســــــاردو رووداوی١١ی سـیپتامبری وڵاتـە یــەکگرتووەکانی ئامریکـاو پیکـهاتنی بــەرەی دژ بــە تیرۆریزم کردو پاشان گوتــی: "ئــیران یــەکیك لــەو وڵاتانـــەی رۆژهــەڵاتی نیوەراستە کە بۆ خــۆی ســەردەمداری تیرۆریزمەو بی ئەوەی مەترســییەکی جیـــددی لەلایــــەن جیگایەکـــەوە هەرەشەی لـیٚ بکا، بۆخۆی پیی‌وایــە لــە چوارچیــوەی گۆرانکارییــەکانی رۆژهەڵاتی نیوەراست دایە. دیارە ئەم هەسـتە زیـاتر لـــەوەوە ســـەرچاوەی گرتـــوە کـــە بـــۆ خـــۆی، خـــۆی بـــاش دەناسیو له ئاکارو کردەوەکانی خۆی ئاگادارە."

بەریزیان له دریژەی قسـەکانیاندا ئاماژەیان بـــە وەزعییــەتی ئـابووریی کوردسـتان، گرفتـــی بیکــاری لـــە نیولاوانی کوردستانداو تووش بوونـی لاوان بـــە مـــەوادی موخـــەددیر کـــرد.

هەر بۆیە رووی له لاوانی کوردســتان کردو گوتی: "لاوانــی کوردسـتان بـە تایبـــەتی ئـــەرکی سەرشـــانیانە کـــە لەهەلومەرجی ئیسـتادا لـــە هـــەموو شیوەکانی خـــەبات دژی کۆمـــاری ئیسلامی کەلك وەرگرن."

کاك کـــاوە پاشـان ئامـــاژەی بــە رەوتــــی ریفۆرمخـــوازیو بـــــەناو ریفۆرمخوازەکانی نیـو دەسـەلاتداریتی حکومــــەتی ئـــیرانو ئاکـــــامی هەلبژاردنی ئەم دوایانەی شـووراکانی ئیسـلامی شـــارو دی لـــە ئـــیرانو کوردستاندا کـردو گوتـی: "ئاکـامی هەلبژاردنی شووراکان ئــەوەندەی کــە راگەیەندراوە نیشان دەدا که کۆمــاری ئیسـلامی سـەرەرای هــەموو فـــرو فیلـــەکانی هیشــتا نـــەیتوانیوە بیسەلمینی کە چاکسازی لە رادەیەکی تەنانـەت بەرتەسـکیشدا لـە ئـیران چۆتــە پیشــیوخەلکی کوردسـتانیش بەخۆشـــییەوە بـــە نیشـــانەی نارەزایەتیو ئیعـتراز بەشداریی ئـەو تۆیان لە هەلبژاردنەکەدا نەکردووە.

بەدوای قسەکانی بەریز کاك کاوە بـەهرامیدا، راپۆرتــی ئامووزشـــیی فیرگـــە لەلایــــەن یـــەکیك لـــە مامۆستایانی فیرگەوە خویندرایـــەوە. پاشان یەکیك لە هاورییانی بەشـداری دەورە بـە نوینەرایـەتی لـــە لایـــەن سەرجەم بەشدارانی دەورەوە پـــەیامی کۆتایی دەورەی پیشـکەش کـرد. لـە بەشیکی دیکەی ریورەسمەکەدا بـــەریز کاك سەید رەزا دروودگـەر، ئـەندامی کۆمیتەی ناوەندی خـەڵاتی بـە سـەر ژمارەیـەك لــە بەشـدارانی دەورەدا دابەش کرد.

نیوئاخنی بەرنامەکان کۆمــەلیك شیعرو گۆرانیی جۆراوجۆر بـــوون کـە لەلایـــەن بەشـدارانی دەورەوە بـــە هاوکـاری کـۆری هونـــەریی حـــیزب پیشـکەش کـرا. کۆتـایی هینـــەری ریورەسمەکـــە کورتـــە شـــانۆیەکی کۆمیدی بوو لەژیر ناوی"گەرانەوە لە هەندەران" کە لـــە لایـەن بەشـدارانی دەورەی ١٤٧ەوە ئامادە کرابوو.

***

# داخستنی دەرگاکانی هەواڵو زانیاری لەسەر خەڵکی ئێران تاکەی؟!


م.رەوانپاک

ریژیمەکان بە گویرەی نیوەرۆکی سیاسەتو بۆچوونەکانیانو هەروەها بە پیی کردەوەکانیان، دەکرێ ناوی جۆراوجۆریان لەسەر دابنرێ: دیموکراتیك، گەلی، پیشکەوتنخوازو . . .، یا بە پیچەوانەوە: دیکتاتۆر، دژی گەلی، دواکەوتووو . . . . کۆماری ئیسلامی لەو ریژیمانەیە کە بە هەق زۆربەی ناوە خراپو ناشیرینەکانی لێ دەکالیتەوە.

یەکیك لەو سیفەتو ناوانەی پر بە پیستی ئەو ریژیمەن، دوژمنایەتیی بێئەملاو ئەولا لەگەڵ ئازادیی بیرورا دەربرینو بڵاوکردنەوەیە. ئازادیی بیرورا دەربرینو بڵاوکردنەوە لە مانا گشتییەکەیدا، نەك بە مانای بیرورا دەربرینی هاونیشتمانان بە هۆی چاپو بڵاوکردنەوەو بە شیوەی قسەکردن لە کۆڕو کۆبوونەوە سیاسییەکاندا. چونکە ئەوەی کۆماری ئیسلامی دژایەتیی لەگەڵدا دەکا، بڵاوبوونەوەی زانستو زانیارییەکە کە خەڵك هەقی بێئەملاو ئەولای خۆیەتی بیزانێو لیی ئاگادار بێ، بەڵام ئەو لێ ئاگادار بوونەوە لەگەڵ بەرژەوەندو قازانجی ریژیمدا ناگونجێ.

دژایەتیی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ رەوتی ئازادانەی زانیاریو تیکۆشانی سەربەخۆو سەربەستانەی راگەیەنە گشتییەکاندا، رابردوویەکی دریژ بە قەرا تەمەنی ئەو نیزامەی هەیە. چونکە ئەو ریژیمە وەك هەر ریژیمیکی توتالیتیر، ئازادیکوژو داخراو، هەر لە رۆژی هاتنە سەر کارییەوە هەولی دا هەموو راگەیەنە گشتییەکانی وڵات بگریتە پاوانی خۆیو وەك ئامرازیك لە خزمەت بەرەوپیش بردنی مەبەستەکانی خۆیدا کەلکیان لێ وەربگرێ، یا قانوونو ریوشوینی ئەوتۆیان بەسەردا زاڵ بکا کە نەتوانن لە پیستی خۆیاندا وەجوولینو بۆیان نەبێ شتیك کە لەگەڵ بەرژەوەندو پیوانە دیاریکراوەکانی دەسەڵاتی فەرمانرەوا ناگونجێ، بڵاو بکەنەوە.

بەریوەبەرانو هەلسوورینەرانی کۆماری ئیسلامی هەر بەوە وازیان نەهینا کە رادیۆ، تەلەویزیۆن، رۆژنامە، سینەماو راگەیەنە گشتییەکانی دیکە دەربەست لە خزمەت ریژیمەکەیان دابنو چ شتیکی ئەوان پییان باشە، بەرهەمی بینن، نیشانی بدەنو بڵاوی بکەنەوە. ئەوان هەولیان دا ریگای دەست راگەیشتنی خەڵکی ئێران بە راگەیەنەکانی دەرەوەی بازنەی کۆنترۆلی ریژیم بگرن تا ناچار بن بۆ وەرگرتنی هەواڵو زانیاریو ئاگاداری لە دنیای دەوروبەری خۆیان، گوێ لە رادیۆی جیگای متمانەی



نیک آهنگ کوثر

دەسەڵاتداران بگرن، بەرنامە تەلەویزیۆنییە دەست نیشانکراوەکانی ئەوان ببینن، رۆژنامەکانیان بخویننەوەو تەنانەت کاریان لەوەش تێپەراندو دەستیان بەسەر ئەو فیلمو کاسیتو کتیبو بڵاوکراوانەشدا گرت کە بنکەو ناوەندو دامەزراوەکانی بەستراوە بە کۆماری ئیسلامی بەرهەمیان نەهینابوون.

داستانی دوژمنایەتیی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ راگەیەنە نادەوڵەتیو ناحکوومەتییەکانو هیرش بۆ سەر ئامرازەکانی چاپو بڵاوکردنەوەو بیستنو تەماشاکردنی بەرهەمە فەرهەنگیو هونەرییەکان بۆ یەکەم ساڵەکانی هاتنە سەرکاری ئەو ریژیمە دەگەریتەوە. لە داخستنی یەکەم رۆژنامەکان بە بیانووی بەستراوەیی بە بیگانەوە، لە بەریکردنی پارازیت بۆ سەر رادیۆی دەنگی کوردستانی ئیرانەوە، لە تاڵانکردنی کتیبخانەی شەخسیی هاونیشتمانانو هەڵرشتنیان لە چوارریانی شارەکانو ئاگرتێبەردانیانەوە، لە دەست بەسەردا گرتنی ڤیدیۆی ماڵانو لە ستاندنی کاسیتی فیلمو مووزیك لە خەڵکەوە ـ بەو ناوە کە نائیسلامیو "مبتذل"ن ـ لە ساڵەکانی ١٣٥٨، ١٣٥٩و ١٣٦٠ را دەست پێ دەکا. دەیەی ٦٠ی هەتاوی جگە لەوەی راگەیەنە گشتییەکان بە تەواوی لە کۆنترۆلی دەوڵەتدا بوون، بنکەو بنیاتو ناوەندەکانی بەرهەمهینانو بڵاوکردنەوەی ئاسەواری هونەریو فەرهەنگییش لە ژیر چاوەدیریو کۆنترۆلی توندی ریژیمدا کاریان دەکرد. دەکرێ بلیین جگە لە چەند گۆڤاریکی فەرهەنگیی نادەوڵەتیو سەربەخۆی رووناکبیری، لە مەیدانی رۆژنامەنووسیدا دەنگیك غەیری دەنگی دەسەڵاتداران نەدەبیسترا. بەو حاڵەش هیچ ساڵیك نەبوو شاهیدی هیرشو پەلاماری پاسەوانانی نەزانیو تاریکی بۆ سەرچەند نووسەریك، گۆڤاریك، بنکەیەکی چاپەمەنی، کتیبفرۆشییەك، کاریکاتوریستیك نەبین. چونکە جوغزو هیلە دیاریکراوەکانیان دەبەزاندو لە پەردەدا راستییەکانی کۆمەڵی ئیرانو شوورەییو ریسوایی ئەو ریژیمەیان لە قاو دەدا!

لە نیوەراستەکانی دەیەی حەفتای هەتاویدا وڵاتی ئیران شاهیدی پیکهاتنی هەلومەرجیکی تازە لە نیوخۆیدا بوو. هەولی چەندین ساڵەی دەسەڵاتداران بە مەبەستی بەستنی چاوو گوێو زمانی هاونیشتمانانو کیشانی دیواریکی ئاسنین نەك هەر لە نیوان ئیرانو دنیای دەرەوە، بەلکوو لە بەینی یەك یەکی دانیشتووانی وڵاتدا ئاکامەکەی بە کردەوە ببوو بەوە کە خەڵکی ئیران لە لایەکەوە لەوپەری بێمتمانەیی بە راگەیەنەکانی ریژیمدا روو بکەنە راگەیەنەکانی دەرەوەی وڵات، بە تایبەتی رادیۆ فارسی زمانەکان. لە لایەکی دیکەشەوە رقو نەفرەتو بیزاریی چەندین ساڵە لە دلی خۆیاندا کەلەکە بکەنو چاوەروانی دەرفەتیك بن بۆ دەربرینو هەڵرشتنی.

هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری لە جۆزەردانی ١٣٧٦دا سەرەتای ئەو قۆناغە لە خەباتی خەڵکی ئیران دژی کۆماری ئیسلامی بوو کە لە ریگای دەنگەکانیانەوە توانیان پاشەکشەیەکی کاتی بە دەسەڵاتداران بکەن. لە ئاکامی ئەو وەزعەدا دەرەتانیکی هەرچەند بەرتەسك، بەڵام کەم وینە بۆ سەرهەڵدانی رۆژنامەنووسیی نادەوڵەتیو نەقدو هەڵسەنگاندنی کارنامەی دەسەڵاتدارانو هەلومەرجی تا ئیستا پەردە بەسەر داکیشراوی کۆمەڵ هاتە کایەوە. ئەوەش هاوکات بوو لەگەڵ پیشکەوتنو گەشەکردنی هەرچی پتری تیکنۆلۆژیی پیوەندییەکان بە تایبەتی ماهوارەو ئینترنیت لە دنیای ئەمرۆدا. گەشەکردنو پیشکەوتنیك کە سەرەرای هەموو پێناخۆشبوونی دەسەڵاتدارانی ئیرانو هەولی زۆریان بۆ بەربەرەکانیکردنی، وڵاتی ئیرانیشی دەگرتەوەو کاردانەوەو شوینەوارەکانی دەگەیشتە وڵاتی ئیمەش.

سەیر ئەوە بوو لە حاڵیکدا دەرکەوتبوو خەڵکی ئیران تا چ رادەیەك تامەزرۆی هەواڵو زانیاریو دەست پیراگەیشتنی خیرا بە سەرچاوەکانی زانیاریو هەواڵو وەدەستهینانی ئامرازە نوێیەکانی پیوەندیگرتن دابوون، دەسەڵاتداران تێکۆشان ئەوان لەو سەرچاوەو ئامرازە خۆوڵاتییانە کە متمانەی خەڵکیان بۆ لای خۆیان راکیشابوو، بێبەش بکەن. داخستنی یەك بە دوای یەكو هیندیك جار بەکۆمەڵی گۆڤارو رۆژنامەکان لە لایەن دەسەڵاتپەرستانەوە، لەو عەقلە نەخۆشەوە سەرچاوەی دەگرت کە پیی وابوو بە داخستنی دەرگاو پەنجەرەو رۆچنەکان لە خەڵك، دەتوانێ پیویستیو ئۆگری بە رووناکی لە بیر ئەوان بەریتەوە.

ئەگەر دەسەڵاتداران بۆ خۆیان ئەو رووناکییەیان بۆ خەڵك دابین کردبا، لەوانە بوو پیویستی خەڵك بە گەران بەدوای سەرچاوەی دیکەدا کەم بکەنەوە. بەڵام ئەوان بێ ئەوەی بتوانن سەرنجو متمانەی خەڵك بۆ لای راگەیەنە گشتییەکانی خۆیان رابکیشنو پیویستییەکانیان بۆ دابین بکەن، هەتا ئیستاش هەوڵ دەدەن شانبەشانی داخستنی هەر گۆڤارو رۆژنامەیەکی پابەندی ئازادیی راگەیاندن، بینینی کاناڵە تەلەویزیۆنییە ماهوارەییەکانو کەڵك وەرگرتنی ئازادانە لە ئینتیرنیت لە خەڵك قەدەغە بکەن. لە سەر ریگای بینینی بەرنامەکانی تەلەویزیۆنە فارسی زمانەکانی دەرەوەی وڵات گیروگرفت پیك دیننو پارازیت دەخەنە سەر بەرنامەکانی ئەو رادیۆیانە کە لە دەرەوەی ئیرانەوە بەرنامە بۆ خەڵکی ئیران بڵاو دەکەنەوە. ئەو جۆرە هەوڵانە هەروەك بە کردەوە دیتوومانە، جگە لە هەرچی بیزارترکردنی خەڵك لە راگەیەنەکانی ریژیمو کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتیی خۆیداو، پاڵپیوەنانی پتری خەڵك بۆ لای سەرچاوەو ئامرازەکانی دیکەی هەواڵو زانیاری، ئاکامیکی دیکەی نابێ.

وەك نووسەریکی ئیرانی دەڵێ: "لە جیهانیکدا کە بووە بە گوندیکی بچووك، تەنیا ئەو فەرهەنگو سوننەتانە دەمیننەوەو لە نیو ناچن کە لەم ململانێیەدا بناغەیەکی بەهیزیان هەبێ، عەقلیکی ئاگا لە پشتیانەوە بێ، لەگەڵ داخوازو نیازەکانی ئەم گوندەدا بگونجین، لەگەڵ فورمو پیوانەکانی سەردەمدا ناتەباو بیگانە نەبنو لە بەرامبەر پیشکەوتنو پەرەئەستاندنی تیکنۆلۆژیکی کۆمەڵدا نەبن بە کۆسپو لەمپەر. لەم گوندە بچووکەدا چیتر بە زۆرو زۆرداریو یاریکردن بە سیاسەتو بە هۆی هەرەشەو سنوور بۆ دانانو تەکفیرەوە، ناکرێ کەسانی دیکە ناچار بە قبووڵکردنی کردەوەیەك یا بیریك بکەین، یا ئەوان لە بیرو بۆچوونی خۆیان پاشگەز بکەینەوە. تەنیا ئەو ئەندیشەو فەرهەنگانە دەمیننەوەو ددانیان پیدا دەنرێ کە لەگەڵ ئەندیشەی روو لە گەشەو داهینەرانەی خەڵکدا هاورییەتی بکەنو لەم هەڵلاو هەنگامەیەدا بتوانن بوونی خۆیان بسەلمینن." [1]


سەرچاوە:

عبدالله رستگار، "سیاستهای WTO و آثار آن در فعالیتهای فرهنگی و هنری جهان سوم" بخش پایانی

رۆژنامەی "خرداد"، ژمارە ١٩٥، ٢٣ گەلاویژی ١٣٧٨، لاپەری ٦


***

# قاسمی شوعلە سەعدی لە پاریسەوە بۆ زیندان

م. مەعرووفی

شەوی ٥ لە سەر ٦ی ریبەندان قاسمی شوعلە سەعدی، حقووقزانو کەسایەتیی سیاسیی ئیران، لە کاتی گەرانەوەیدا لە پاریسەوە بو تاران لە فروکەخانەی میهراباد لەلایەن مەئموورانی ئەمنییەتی کوماری ئیسلامییەوە گیراو رەوانەی زیندان کرا. شوعلە سەعدی لە یەکەم هەنگاوەکانی بو سەر خاکی وڵات، تەنیا ئەوەندەی دەرفەت هەبوو کە تەلەفوونیك بو خیزانی بکاو ئەو پیشوازی لیکرانەی پیرابگەینی!

گیرانی قاسمی شوعلە سەعدی لە کاتیکدا رووی دا کە هەیئەتیکی لیکولینەوەی مافی مروڤ بە سەرپەرەستیی "لویی ژوانی" لە سەفەریکی ١٢ روژەدا بو ئیران لەلایەن کومیسیونی مافی مروڤی سەر بە ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە مەئمووریەتیان پیدرابوو تا لە دەسگیریی سەرەرویانەی ئازادیخوازانو وەزعی زیندانییەکانی ئیران بکولنەوە. هەر لە کاتی سەفەری ئەو هەیئەتەدا بو ئیران دوو کەسایەتیی ناسراوی دیکەی ئیرانییش، موحسینی سازگارا و محەممەدی خەلیلی شاعیرو وەرگیرو ئەندامی کانوونی نووسەرانی ئیران گیرانو تیکوشەریکی کوردیش لە شاری سنە ئیعدام کرا. ریژیمی کوماری ئیسلامی بەو جورە هەنگاوانەی خوی بە کردەوە وەزعی مافی مروڤو ئازادیی بیرورا دەربرینی بە هەیئەتی ناوبرا نیشان داو زەحمەتی لیکولینەوەو خوماندوو کردنی ئەوانی لە بارەی وەزعی مافی مروڤ لە ئیراندا لە سەر کەم کردنەوە.

ئەو کردەوە بێشەرمانەیەی ریژیمی کوماری ئیسلامی لە کاتی سەفەری نیردراوی کومیسیونی مافی مروڤی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەشیکی دەگەریتەوە سەر ئەو هەلویستە نابەجییەی کومیسیونی ناوبراو کە لە سەرەتاکانی ئەم ساڵدا بو یەکەمین جار کوماری ئیسلامیی ئیرانی سەرەرای ئەو هەموو زەبرو زەنگو جینایەتەی ئەنجامی داون مەحکووم نەکرد. ئەمەش سەبارەت بەوە بوو کە ژمارەیەك لەو ریژیمانە کە کارنامەیەکی رەشیان لە پیشیل کردنی مافی مروڤ لە ولاتەکانی خویاندا هەیە، لە لایەن کوماری ئیسلامییەوە رازی کرا بوونو دەنگیان بە مەحکووم کردنی ئەو ریژیمە نەدا. ئەم کردەوانەی کوماری ئیسلامی ئەو راستییە دەسەلمینی کە بە پووشبەر سەر کردنو چاوپوشی لە



قاسم شعلەسعدی

جینایەتەکانی بەروودا ناکەوێو چیرە گرتووتر دەبێ.

هەر کام لەو کەسایەتییانەی لەلایەن ئەو ریژیمەوە گیران لە پیناوی گوتنی راستیو حەقیقەتەکاندا بوون. بەڵام ئەو راستییانەی قاسمی شوعلە سەعدی روژی ١٦ی سەرماوەز لە نامەی سەر ئاوەڵای خویدا بو خامنەیی ریبەری ریژیم ئیشارەی پیکردن، ئەوەندە گورچوبر بوونو تاڵاویکی ئەوەندە خەست بوو لە گەرووی ناوبراوی کرد کە توانای هەر چەشنە وەڵام دانەوەیەکی لیبری. خامنەییو ریبەرانی دیکەی ریژیمیش کە نە ئامادەی گویگرتن لە راستییەکانو رەخنەکاننو نە توانای وەڵامدانەوەیان هەیە، وەك پیشەی هەمیشەییان پەنا دەبەنە بەر ئەو هیزو دەسەڵاتەی کە بە ناهەق لە پاوانی خویان ناوەو کەلکی خراپی لیوەردەگرن. بویە بە دوای بڵاو بوونەوەی نامەی سەر ئاوەڵای قاسمی شوعلە سەعدیدا بو خامنەیی چاوەروانیی کردەوەیەکی ئەوتو لەلایەن ئەو ریژیمەوە دەکرا.

قاسمی شوعلە سەعدی لە نامەکەیدا بەر لە هەموو شتیك سەلاحییەتی خامنەیی بو پوستی ریبەریی رەت کردەوەو گوتی: "جەنابت مەرجەکانی پیویستت بو مەرجەعییەت تیدا نەبوون". پاشان سیاسەتەکانی دەرەوەو نیوخویی خامنەیی خاڵ بە خاڵو بە وردبینییەکی تەواوە خستە بەر رەخنەو رەتی کردنەوە. شوعلە سەعدی لە بارەی سیاسەتی خامنەیی لە بەرامبەر ئەمریکادا ویرای ئیشارە بە وەی کە ناوەندەکانی راپرسینی کوماری ئیسلامی رایان گەیاند کە سی لە چواری خەڵکی ئیران خوازیاری وتوویژ لەگەل ئەمریکانو دژکردەوەی خامنەیی لە بەرامبەر ئەم راپرسینەدا کە لایەنگرانی وتوویژ لەگەل ئەمریکای بە بیسیاسەتو بیغیرەت ناوبردبوو، گوتی: "تو کە دەستت بە سەر "مدیریت"ی ئەو خەلکەدا گرتوەو بە بی سیاسەتو بیغیرەتیان دادەنیی، چون دەکری لەلایەك زورایەتیی ٣ لە چواری خەڵك بە بیغیرەتو بیسیاسەت بناسیو لەلایەکی دیکەش دریژە بە موودیرییەتی خوت بە سەر ئەو خەلکەدا بدەی کە پیتوایە بیغیرەتو بیسیاسەتن". شوعلە سەعدی پاشان ئیشارەی بە شەری ٨ ساڵەی ئیرانو عیراق کردو ئەو ریژیمەی بە تایبەتیی هاشمیی رەفسەنجانی بە دریژەدەری ئەو شەرە پاش گیرانەوەی خورەمشەهر ناو برد کە ١٠٠٠ میلیارد دۆلار زەرەری ماددی بە دواوە بووە".

لە بارەی سیاسەتەکانی نیوخویی خامنەییەوە لە سەرەتادا سەلاحییەتی دادگاکانیکە لە لایەن ئەوەوە پشتیوانییان لیدەکری رەت کردەوە. پاشان هەلویستەکانی ناوبراوی لە بارەی مەجلیس، پەروەندەی قەتلە زنجیرەییەکان، داخستنی روژنامەکان، خوپیشاندانی خویندکاران خستە بەر رەخنە. ئینجا لەبارەی هەلبژاردنی خاتەمی بو

بۆ لاپەری ٩

# سەردانی کارناسانی مافی مرۆڤ بۆ ئیران و ئەرکەکانمان

**ع. رەهنموون**

رۆژی شەممە ٢٦ی ریبەندانی ٨١، گرووپیك لە کارناسانی مافی مرۆڤی سەر بە ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سەردانی تارانیان کردو دوای تیپەرینی ١٢ رۆژ، کۆتاییان بە سەردانەکەی خۆیان هینا.

شیاوی باسە لە حەوت ساڵ پیش ئیستاوە ئەمە یەکەمین گرووپی لیکۆڵەری نیونەتەوەیی بوون کە توانییان لە پیوەندی لەگەڵ مەسەلەی مافی مرۆڤدا سەردانی ئیران بکەن. ئەم مافناسە پسپۆرانە لە ماوەی ١٢ رۆژ ئەرکی پیٚ ئەسپیردراوی خۆیان لە ئیراندا، جیا لە زیندانی "ئیوین"ی تاران، سەردانی زیندانی شارەکانی ئیسفەهان، شیرازو یەزدیشیان کرد. سەرپەرشتیاری ئەم گرووپە کە کەسیکی فەرانسەوی بوو بە ناوی "لویی ژوانە" سەبارەت بەو تۆمەتانەی کە لە پیوەندی لەگەڵ دەستبەسەرکرانە هەرەمەکیو نایاساییەکان لە کۆماری ئیسلامیدا هاتبوونە گۆرێو هەروەها سەبارەت بە کارنامەی دەزگای قەزایی ئیران، لیکۆڵینەوەیان ئەنجام دا. ئەم کارناسانە لە دریژەی سەردانەکەی خۆیاندا چاویان بە لیپرسراوانی وەزارەتەکانی دەرەوە، نیوخۆو دادگوستەری کەوتو لەگەڵ قازیی دادگاکانو نوینەرانی دادگای بەناو شۆرشی ئیسلامیو هەروەها لایەنە داکۆکیکەرەکانی مافی مرۆڤو پارلمانتارەکاندا دیداریان کرد.

شیاوی باسە کە سالی رابردوو ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە راپۆرتەکەی خۆیدا، دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامیی ئیرانی بە پیشیلکردنی مافەکانی مرۆڤ تاوانبار کردو، کۆماری ئیسلامی لە سالی ١٩٩٦دا ریگای بە "موریس کاپیتۆرن"، نوینەری تایبەتی ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان نەدا کە بۆ لیکۆڵینەوە سەبارەت بە پیشیلکردنی مافەکانی مرۆڤ سەردانی ئیران بکا.

لە کاتی بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامییەوە تا ئیستا بە دەگمەن ریگا بە کارناسەکانی مافی مرۆڤ دراوە کە بە مەبەستی هەلسەنگاندنی کارنامەی رەشی کۆماری ئیسلامی لە بواری مافەکانی مرۆڤدا سەردانی ئیران بکەن.

پیویستە ئاماژە بەوە بکەین کە چەند سالە مەسەلەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ کراوەتە دەسکەلای هیزو دەسەڵات لە نیوان ئاخوندە کۆنەپاریزو پاوانخوازەکان لە لایەكو قۆلی ناسراو بە ریفۆرمخوازانی نیو دەسەڵات لە لایەکی دیکەوەو هەروەها دوو قۆڵەکەی ریژیم بۆ پاوانکردنی دەسەڵاتو سەپاندنی هیزی خۆیان لەم فاکتەرە کەلکی نارەوا وەردەگرن.

هەر لە چوارچیوەی ئەم مشتومرە دەروونییەدا، نوینەری کۆماری ئیسلامی لە دەفتەری ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە "ژنیڤ"، داوای لە کارناسانی سەر بەو ریکخراوە کرد کە سەردانی ئیران بکەن. هۆی ئەم داواکارییەش بۆ ئەوە دەگەریتەوە کە قۆلی ناسراو بە ریفۆرمخوازە حکوومەتییەکان سەردانی لەم جۆرە وەك سەرکەوتنیك بۆ خۆیان لە قەلەم دەدەنو لافی ئەوە لیٚ ئەدەن کە ئەم هەنگاوە نیشانەیەکە لە کرانەوەی دەروازەکانی ئیران بە رووی لیکۆڵەرە نیونەتەوەییەکاندا!

سەیر لەوەدا بوو کە "محمد جواد لاریجانی" جیگری دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لە کارو باری نیونەتەوەییدا، لە کاتی چاوپیکەوتن لەگەڵ ئەم شاندەدا، بەو پەری بیٚشەرمییەوە رایگەیاند کە "دەزگای قەزایی ئیران بە شیوەیەکی روون پیرەوی لە یاساکان دەکاو لەم بوارەشدا پیی خۆشە کە ئەزموونەکانی خۆی بۆ نەتەوەکانی دیکە بگویزیتەوە"!

هەموان ئاگاداران کە بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامیدا هەمیشە لە لایەن کۆرو کۆمەلە نیونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤەوە رەخنەی لیٚ گیراوەو لەم دوایانەشدا بنەماکانی پاراستنی مافی مرۆڤ لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە کراوەتە پیشمەرجی دانوستاندنەکانی یەکیەتیی ئورووپا بە مەبەستی پەرەپیدانی پیوەندییە بازرگانییەکانی ئەم یەکیەتییە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا. لەم پیوەندییەدا "کریس پاتین" کۆمیسیری پیوەندییەکانی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا کە بە مەبەستی پەرەپیدانی پیوەندییە بازرگانییەکان سەردانی ئیرانی کردبوو، دوای گەرانەوە لە تاران رایگەیاند کە "یەکیەتیی ئورووپا لە بەرامبەر پیوەندیی پۆزەتیف (تماس سازندە)ی خۆی لەگەڵ ئیراندا چاوەروانی ئەوەیە کە بە شیوەیەکی بەرچاو بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لەم وڵاتەدا بەرەو باشبوون بروا."

هاوکات لەگەل سەردانی لیکۆڵەرانی مافی مرۆڤی سەر بە ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ئیران، کۆماری ئیسلامی ئەمجارەش بە کۆمەلیك گەڵاڵەی لە پیش داریژراوەوە بە مەبەستی بیٚنیوەرۆك کردنو شیواندنی لیکۆڵینەوەکانیان سەبارەت بە دەستبەسەرکردنە هەرەمەکییەکانو پیشیلکارییە توندو ئاشکراکانی مافەکانی مرۆڤ لە سیبەری نەگریسی ئەو ریژیمەدا، کەوتە خاوین کردنەوەو چاککردنەوەی زیندانە رەشەکانو گویزانەوەی زیندانییە سیاسییەکانو بە بیانووی سواوی نەبوونی هیمنیو ئاسایش لە ناوچە کوردنشینەکاندا، ریگای نەدا کە سەردانی ئەو زیندانانە بکەنو هەروەها بە دەستەپاچەییەوە هەولیکی زەبوونانەی دا کە بە دانانی مۆرە ئەمنییەتییە چلکاوخۆرەکانی لە دەوروبەری هۆتیل "لالە" (جیگای مانەوەی کارناسەکان) دا، ئەم لیکۆڵینەوەیە بیٚ نیوەرۆك بکاو لە کردەوەدا بیگۆرێ بۆ سەردانیکی تەشریفاتیو بۆ هەمیشە لە ژیر دەمامکی مافی مرۆڤی ئیسلامی! دا مافو ئازادییەکانی گەلانی ئیران بە درندانەترین شیوە پیشیل بکا. بەلاّم بە خۆشییەوە بە هەولی بیٚوچانی هاونیشتمانانو کۆرو کۆمەلە مرۆڤدۆستەکان، سەدانو بگرە هەزاران نامەو فاکس لە لایەن زیندانیانی پیشوو، خیزانی ئیعدامکراوەکان، ئەشکەنجەدراوو زیندانییەکانی ئیستاوە گەیشتە دەستی لیکۆڵەرانو دروشمی "زیندانیی سیاسی، دەبیٚ ئازاد بکریٚ"ی کۆبوونەوە ئیعترازییەکەی دەوروبەری هۆتیل "لالە"ی تاران تا ئەندازەیەکی بەرچاو توانی پیلانە دژی ئینسانییەکانی کۆماری ئیسلامی پووچەڵ بکاتەوە. هیواداریین کە کۆی ئەم هەوڵو تیکۆشانانە توانیبیتی کۆرو کۆمەلە نیونەتەوەییەکان بۆ دەرکردنی بریاری بەبرشتو دیاریکردنی سزای توند بۆ کۆماری ئیسلامی هان بدا.

روونو ئاشکرایە کە فەلسەفەی وجوودیی ریژیمی کۆماری ئیسلامی ناتەباییەکی بیٚئەملاو ئەولای لەتەك یاساو ریسا جیهانییەکانی مافی مرۆڤدا هەیەو ئۆمیدی ملدانی ئەم ریژیمە کۆنەپەرستە بۆ ریوشوینە نیونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ، بیجگە لە تراویلکە هیچی دیکەی لیٚ شین نابیٚ. بەلاّم لەگەڵ هەموو ئەو راستییانەشدا، ئەم ریژیمە بەو هەموو فیڵو تەلەکەو کردەوە چەواشەکارانەو درندەییە بیٚئەندازەیەوە ناتوانیٚ لە بەرامبەر خەباتو لەخۆبوردوویی گەلانی ئیراندا چۆك دانەداو کردەوە دزیوو نامرۆڤانەکانی لە زۆر بواردا دەتوانیٚ ئەم ریژیمە خوینمژە ناچار بە پاشەکشە بکا.

لەم پیوەندییەدا ئەركو بەرپرسایەتییەکی مرۆڤی، ئەخلاقیو نەتەوەیی دەکەویتە سەرشانی هەموو گەلانی ئازادیخوازی ئیران بەگشتیو بە تایبەتی حیزب، ریکخراوو کۆرو کۆمەلە کوردستانییەکان کە بە پیوەندیی بەردەوام لەگەڵ کارناسانی مافی مرۆڤی سەر بە ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانو کۆرو کۆمەلە مرۆڤدۆستەکانی دیکەدا، زانیاری راستو دروستیان لە پیوەندیی لەگەڵ پیشیلکردنی توندو ئاشکرای مافەکانی مرۆڤ لە سەرانسەر ئیرانو لە کوردستاندا پیٚ بگەیەننو بە ئیرادەیەکی نەتەوەییەوە هەموو تواناکانی خۆیان بخەنە سەر یەكو کارناسەکانی مافی مرۆڤ بیننە سەر ئەو باوەرەی کە کۆماری ئیسلامی ناچار بکەن کە زیندانی ئوستانە کوردنشینەکانی ئیران بە رووی کارناسەکانی مافی مرۆڤدا بکاتەوە، تا رادەی پیشیلکرانی مافی مرۆڤ لە لایەن کاربەدەستانی ریژیمەوە لە ناوچە کوردنشینەکان زیاتر دەرکەویٚو راستییەکان پتر بکەونە بەرچاوی بیرورای گشتیو کۆرو کۆمەلە مرۆڤدۆستەکان.

ئیستا پیشنیاری بیٚئەملاو ئەولای خیزانی زیندانییە سیاسییەکانو مافناسە مرۆڤدۆستەکان بۆ ئەنجامدانی لیکۆڵینەوەیەکی چرو پر لە بواری پیشیلکرانی مافی مرۆڤو بە تایبەت راگەیشتن بە بارودۆخی زیندانییە سیاسییەکانو دەستبەسەرکرانە هەرەمەکییەکان لە کۆماری ئیسلامیدا ئەوەیە کە ئەرکی چاوەدیرانی مافی مرۆڤ لە رووی زەمانییەوە زۆرترو لە رووی "شوین"ەوە بەرفراوانتر بکریٚو بە هاریکاریی مافناسە سەربەخۆکان، لیکۆڵەرە ئاکادیمییەکان، بلاّڤۆکی ئازاد، زیندانیانی پیشووو خیزانی ئیعدامکراوانو ئەشکەنجەدراوان، راپۆرتیکی زانستیانەو عادلاّنە ئامادە بکریٚو رای گشتیی جیهانی لیٚ ئاگادار بکریتەوە.

شیاوی باسە کە بریارە لە چوارچیوەی تاوو تویکردنی کردەوەکانی ریژیم لە بواری مافی مرۆڤدا، کارناسگەلیکی دیکە لە لایەن ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە لە مانگەکانی "ئاڤریلو مای"ی داهاتوودا سەردانی ئیران بکەن تا سەبارەت بە بابەتگەلیکی وەك توندوتیژی بە دژی ژنانو مەسەلەی ئازادیی رادەبرین لیکۆڵینەوە بکەن.

کەواتە ئیمە چەوساوەکانی سیستمی زیندانو ئەشکەنجەو ئیعدام، ئیمە خیزانەکانی هەزاران ئیعدامکراو، قوربانییانی تیرۆرو توندوتیژیو ستەملیکراوانی بیدادگاکانی ریژیمی ئاخوندی، دەبیٚ تەواوی وزەو توانای خۆمان بخەینە گەر تا ئەم ریژیمە کۆنەپەرستو سەدە ناوەراستییە کە دەستە ناپاکەکانی بە خوینی هەزاران خەباتگیرو ئازادیخوازی وەڵاتەکەمان سوور بووە، پەلکیش بکەینە بەر دەم دادگاو بیسپیرینە دەستی عەدالەت. کاتی ئەوە هاتووە کە هەموان دەست بدەنە خەباتیکی شیلگیر بۆ پاك کردنەوەی زەوی لە دەستی ئەم ستەمکارە کۆنەپەرستانە کە مایەی شەرمەزاریی مرۆڤایەتین.

***



لویی ژوانە

---

## دریژەی وتاری: (قاسمی شوعلەسەعدی لە پاریسەوە بۆ زیندان)

پوستی سەرکوماریيەوە گوتی: "دەنگدان بە خاتەمی لە دووی جوزەردانی ٧٦دا بەر لەوەی بە مانای "بەلی" بە نابراو بی "نا" بو جەنابت بوو." پاشان گوتی: "هەر چەند خاتەمی لە بەرامبەر ئەو دەنگدانەدا کە بەرپرسایەتییەکی سەختیان خستبووە سەر شانی خوی گیل کرد، چونکە بەجیگەیاندنی ئەو بەرپرسایەتییە پیویستی بە خەباتیك بوو کە هەر لەجیدا خاتەمی پیاوی ئەو خەباتە نەبوو". شوعلە سەعدی پاشان ئیشارەی بە سووکایەتیو ئیهانەتی خامنەیی بە خەلك کردو گوتی: "ئایا ئیهانەتەکانی تو بە خەلك وەبیر هینەرەوەی رەفتاری ئاغاکانی سەردەمی فیئودالیتە دەرهەق بە رەعییەتەکانو تەنانەت رەفتاری خاوەن کویلەکان دەرهەق بە کویلەکان نین؟" شوعلە سەعدی لە کوتاییەکانی نامەکەیدا بەو ئاکامە دەگا کە:

" هەر چونیك بی ئاکامی بی ئەملاوئەولای ئەم هەلسوکەوتانەو نیشاندانی روویەکی توندو تیژ لە حکوومەتیی دینیو سەرەنجام ئاکامی بی ئەملاوئەولای ئەزموونی شکست خواردووی حکوومەتی مەزهەبیی تو سەر هەلدانی رینسانس، رووخانی حکوومەتی دینیو لە کوتاییشدا دامەزرانی سیستمیکی لائیكو سکولار لە شیوەی کوماریيەکی بە تەواو مانا دەبی".

هەر چەند ئەو راستییانەی قاسمی شوعلە سەعدی لە نامەکەیدا باسیان دەکاو رەخنە لە سیاسەتەکانی خامنەیی، چ سیاسەتی دەرەوەیو چ سیاسەتی نیوخوی دەگری کە هەر بریتین لە سیاسەتەکانی دەرەوەو نیوخویی کوماری ئیسلامی، لەمیژە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران هەر لە سەرەتاکانی هاتنە سەر کاری ئەو ریژیمەوە ناسیونیو لە قاوی داونو لە بەرامبەریاندا راوەستاوەو . . . قوربانیی بە نرخی لەو پیناوەدا داوە، بەلاّم لەو روویەوە گرنگە کە کەسیك ئەو راستییایانە دەلیو خوازیاری هاتنە سەر کاری "سیستمیکی لائیكو سکولارە"و ئەو ریژیمە دینییە بە "ئەزموونیکی شکست خواردوو" دەزانیکە هەم برایەکی لە بەرەکانی شەردابو ئەم ریژیمە لە دەست داوەو هەم بوخوشی لە سیهەمین دەورەی مەجلیسی شوورای ئیسلامیدا نوینەر بووە.

گیرانی قاسمی شوعلە سەعدیو بەر لەوەش بلاّو بوونەوەی نامەیەکی ئەوتو نیشانەی ئەو راستییەیە کە ریژیمی کوماری ئیسلامی نەك هەر پیگەو خوشەویستی لەنیو خەلکی ئیراندا بە هەموو چینو تویژەکانییەوە نییە، بەلکوو تەنانەت لە نیو ئەو کەسانەو لە نیو ئە بنەمالاّنەشیدا نەماوە کە سەردەمیك خزمەتیان پیکردووەو لە ریزەکانیدا بوون. نامەکەی لەو روویشەوە گرنگ بوو کە هەلویستیکی رادیکالاّنەی لە بەرامبەر تەواوەتیی ئەو ریژیمەدا بە هەموو قولەکانییەوە تیدا بووو بە لایەنگری لە قولیكو دژی قولیکی دیکە نەبوو.

گیرانی قاسمی شوعلە سەعدی لە سەر نامە سەر ئاوەلاّکەی نە نووسەرانو رووناکبیرانی ولاّت چاو ترسین دەکاو نە پیش بە بیرو بوچوونو حەرەکەتی قوولو رادیکالاّنەی ئەوانو چینو تویژەکانی خەلکی ولاّت دەگری. هەر وەك لە رابردووشدا دیتمان، پیشگیری لە حەرەکەتی روالەتیو ریفورمیستانە نەك هەر خەلکی ناچار بە پاشەکشە لە ویستو داخوازەکانیان نەکرد، بەلکوو ویستو داخوازەکانیانی قوولترو رادیکالاّنەتر کرد. هەر وەك قاسمی شوعلە سەعدی لە نامەکەیدا دەلی: ٩٤ لە سەدی خەلك خوازیاری ئالوگوری بنەرەتین.

***

# کۆتایی هاتنی سەرکەوتوانەی نۆهەمین دەورەی مودیرییەت

رۆژی پینج شەممە ریکەوتی ١٣٨١/١٢/١ بە بۆنەی کۆتایی هاتنی سەرکەوتوانەی نۆهەمین دەورەی مودیرییەت ریورەسمیك بە بەشداریی هەیئەتی نوینەرایەتیی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی بە سەرۆکایەتی هاوریی تیکۆشەر کاك مستەفا هیجری، ئەندامی دەفتەری سیاسیو بەرپرسی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی، ژمارەیەك لە ئەندامانی ریبەرایەتی، بەرپرسو کادرو پیشمەرگەکانی فیرگەو کۆمەلیك لە تیکۆشەرانی دیموکرات، لە فیرگەی سیاسی ـ نیزامیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بەریوە چوو.

ریورەسمەکە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب" دەستی پیکرد. پاشان هاوریی بەریز کاك مستەفا هیجری بەم بۆنەیەوە وتەیەکی پیشکەش کرد. بەریز کاك مستەفا لە سەرەتای قسەکانیدا پاش سلاوو ماندوو نەبوونی لە هاورییانی بەشداری دەورەکە خۆشحالیی خۆی دەربری بۆ ئەوەی کە دیسان کۆمەلیکی دیکە لە هاورییان توانییان دەورەی مودیرییەت بە سەرکەوتنەوە تیپەر بکەنو هەروەها سوپاسی هەموو ئەو هاورییانەی کرد کە بە ئۆگریو دلسۆزییەوە بۆ پەروەردە کردنو پیگەیاندنی ئەو هاورییانە تیکوشانو ئەرکی ماموستایەتییان بە ئەنجام گەیاندوە.

بەریزیان لە بەشیکیتری وتەکانیدا لە سەر گرینگیو بایەخی پەروەردە کردنو پیگەیاندن لە هەلومەرجی ناسکی ئیستادا وتی: "عەلاقەمەندیی ماموستاکان، ئامادەگیی فیرگەو زەحمەتی ئەوانو کارو تیکوشانی بەشدارانی دەورەکە هەموویان دەستیاندا بەدەستی یەك بۆ ئەوەی کە دەورەکە سەرکەتوانە بە ئەنجام بگاو تەجرەبەیەکی باش بی بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانن دەورەی لەو بابەتە بە کەلك وەرگرتن لەو تەجرەبەیەی کە هەمانە سەرکەوتووتریش پیکی بینین، هەنگاوی زیاتر بنیین لە پیناوی پەروەردە کردنو ئامادە کردنی کادرو پیشمەرگەکان بۆ دریژەی خەباتو تیکوشان لە هەلومەرجی ئیستادا کە هەلومەرجیکی تایبەتییە. لە حالیکدا ئەو دەورەیە کوتایی پی دی کە هەلومەرجی تایبەتی هەم لە نیوخۆی ولاتەکەماندا لە گۆریّ دایەو هەم لە ناوچەکەماندا. لە نیو خۆی ئیراندا جوولانەوەی ئازادیخوازیی گەلانی ئیرانو هەموو ئازادیخوازانی ئیران ئەوجی گرتوەو سەرکەوتنو دەسکەوتی زۆری بە دەست هیناوەو بە پیچەوانەوە ریژیمی کۆماری ئیسلامیی ئیران تووشی قەیرانی جۆراجۆر بۆتەوە، قەیرانی سیاسیو بە تایبەت قەیرانی ئابووریو قەیرانی ئیجتیماعی، چونکە کۆماری ئیسلامیی ئیرانو ئەوانە کە ئەو حکوومەتە هەلدەسوورینن کەسانیك نین کە شایستەگیی ئیدارەی ولاتیکیان لەو سەردەمەدا ببیّ، نەك هەر ناتوانن ئەو قەیرانانە چارەسەر بکەن، بەلکوو رۆژ بە رۆژ ئەو قەیرانانە قوولتر دەبیو قەیرانی دیکەی لیّ پەیدا دەبیّ."

بەرپرسی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی دواتر لە سەر ئاکامی ئەو وەزعییەتو قەیرانانە لە نیوخۆی ئیراندا قسەی کردو وتی: "نەتیجەی راستەخۆی ئەو وەزعییەتە لە نیوخۆی ئیراندا، چوونە سەری ورەی خەلك، بەربەرەکانیی راستەقینەو هینانە گۆری شوعاری شەفافو روون لە دژی کۆماری ئیسلامی ئیرانو لە جەهەتی رووخاندنو ئالوگۆری ئەو حکوومەتەدایە بۆ بنیادنانی حکوومەتیکی دیموکراتیك لە ئیراندا"و پاشان ئاماژەیان بە نەقشی کاریگەرو شوینی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە نیو بزووتنەوەی ئازادیخوازیدا کردو وتی: "ئیمە وەك گەلی کورد بە ریبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لەو ئالوگۆرانەدا تەئسیری موسبەتمان بوو. حەرەکەتی گەلی کورد لە کوردستانی ئیران بە ریبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران، هوشیاریو سیاسەتمەداریی ریبەرانی ئەو حیزبە لە سەرەتاوە تاکوو ئیستاو ئیعتمادیك کە لە سایەی ئەو وریایییە خەلك پیی کردوە، گەیشتوتە رادەیەك کە ئیستا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە نیوخۆی ئیران، لە کوردستانی ئیراندا وەك ریبەری راستەقینەی جوولانەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە نیوخەلکی کورددا بە حیساب دی. ئیمە خوشحالین بەوە سەرەرای پیلانو زەبرو زەنگی ریژیم لە سەر گەلەکەمانو لە سەر حیزبی پیشرەوی خەلکەکەمان دوای ٢٤ سالّ لە دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی، حیزبەکەمان هەروا ئالاهەلگری ئازادیخوازیو بەرەو پیش بردنی جوولانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئیران دایە".

بەریز کاك مستەفا هیجری لە بەشیکی دیکەی قسەکانیدا بە لە بەرچاوگرتنی ئەو هەلومەرجە، بە چاوی هیواو ئۆمیدەوە روانییە داهاتووو وتی: "وەزعییەتیك کە ئیستا لە کوردستانی ئیراندا هەیە بۆ هەموو خەلکی ئیرانو بە تایبەتی گەلی کورد زیاتر لە پیشوو جیگای هیواو هومیدە؛ ئیمە بە چاوی ئۆمیدەوە چاو لە داهاتوومان دەکەینو چاوەروانی ئەوەین کە لە داهاتوویەکی نەك زۆر دووردا گەلانی ئیرانو یەك لەوان گەلی کورد بە ئامانجی خۆیان کە دامەزراندنی حکوومەتیکی گەلییە بگەنو ئاسەواری دیکتاتوریو حکوومەتی کۆنەپەرستان کە بە سەر خەلکی ئیراندا سەپاوە لە سەر سەری خۆیان لابەرن".

بەریزیان لە کۆتاییدا پیرۆزباییان لە بەشدارانی ئەو دەورەیەو دەورە سەرەتاییەکانی فیرگەو سەرجەم ئەو کەسانەی کە لە سەرخستنی ئەو دەورەیەدا رۆلیان هەبووە کردو هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن.

دواتر راپۆرتی ئاموزشیی فیرگە لە لایەن هاوری عومەر بالەکی، ئەندامی کومیتەی ناوەندیو بەرپرسی فیرگەی سیاسی ـ نیزامی خویندرایەوە. کاك عومەر لە راپۆرتەکەیدا ویرای ئاماژە بە گرینگیو بایەخی پەروەردە کردنو پیگەیاندن، باسی ئاستی کلاسەکانو تەمەنی پیشمەرگایەتیی بەشداران کرد.

نیوئاخنی بەرنامەکان پیشکەش کردنی ئاهەنگو شیعرو گۆرانیی جۆراجۆر بوون کە لە لایەن بەشدارانی دەورە سەرەتاییەکانی فیرگەوە بە هاوکاریی کۆری هونەری بەریوە چوون.

کۆتایی هینەری ریورەسمەکە کورتە شانۆیەکی کۆمیدی بوو کە لە لایەن بەشدارانی دەورەکانی ١٤٧و ١٤٨ی سەرەتایی پیشمەرگەوە ئامادە کرا بوو.

***

# جووڵانەوەی وڵاتانی "غیر متعهد"، ئیستا و داهاتووی

لە حەوتووی یەکەمی ئەم مانگەدا کۆنفرانسی جوولانەوەی ولاتانی غەیرە موتەعەهید لە کوالالامپور پیتەختی ولاتی مالیزی بەریوە چوو. باسی سەرەکیی ئەو کۆنفرانسە، مەسەلەی شەری ئیحتمالی دژی عیراق بوو کە پاش چەند رۆژ باسو نەزەردان بە دەرکردنی بەیاننامەیەکی کورت کە لەودا ئەگەری شەر لەدژی عیراق بە هۆی بیسباتیی ناوچەکە دانرا بوو کۆتایی پی هات.

هەرچەند لەو کۆنفرانسەدا ژمارەیەکی زۆر لە ولاتان بەشدار بوونو هەمووشیان خۆیان وەك ولاتیکی غەیرە موتەعەهید دەردەخست، بەم حالەش سەرنجیك لە هۆیەکانی پیکهاتنی ئەو جولانەوەیە لەکاتی خۆیداو ئالوگۆریك کە بەتایبەت لەم دەسالەی دواییدا بەسەر ناوچە جۆراوجۆرەکانو بەشیك لە ولاتانو بەگشتی بەسەر جیهاندا هاتوە، ئەو پرسیارە دەخولقینی کە ئایا ئەم جوولانەوەیە لەداهاتووشدا دەتوانی وەك رابردوو دەوری خۆی هەبیو لەسەر رەوتی رووداوەکانی جیهان، کیشە ناوچەییەکانو... شویندانەر بیّ؟

جوولانەوەی ولاتانی غەیرە موتەعەهید لە کاتیکدا پیك هات کە جیهانی دووجەمسەری، بەرەی رۆژئاواو رۆژ هەلاتی لیّ کەوتبۆوەو بەشیك لە ولاتانی جیهان بە یەکیك لەو دوو جەمسەرەوە بەجۆریك گری درابوون. هەر لەو کاتەدا ژمارەیەك لە ولاتانی جیهانیش لەگەل ئەوەی پیوەندییە سیاسیو بازرگانییەکانی خۆیان لەگەل ولاتانی سەر بە یەکیك لەو دووجەمسەرەو بەتایبەت لەگەل یەکیەتی شوورەویی پیشووو ئامریکا پاراستبوو لە کیشەو ململانیکانی ئەم دوو جەمسەرەدا خۆیان بە بیّلایەن دەزانیو بەرامبەر بە هیچ کام لەو دوو ولاتەو باقی ولاتانی سەر بەم دوو جەمسەرە بە موتەعەهید نەدەزانی. لەراستیدا ئەم ولاتانە هەوینو قەوارەی جولانەوەی ولاتانی غەیرە موتەعەهیدیان پیك هیناو لە کردەوەشدا بەتایبەت لە دەورانی شەری ساردا دەوریکی لەبارو جیگای حورمەتیان گیرا.

لیكهەلوەشانی یەکیەتی شوورەویی پیشووو کۆتایی هاتنی شەری سارد نەتەنیا دەوری ئەم ریکخراوەیەی بە شیوەیەکی بەرچاو کەم کردەوە، بەلکوو هۆیەکانی بوونو مانەوەو تیکۆشانیشی بردۆتە ژیر پرسیار.

جوولانەوەی ولاتانی غەیرە موتەعەهید (هەرچەند ئیستا ژمارەی ئەندامانو ئەو ولاتانەی کە تییدا بەشدار زیادی کردووە) بەلام بە دوو هۆی سەرەکی وی ناچی وەك رابردوو بتوانی شوین دانەر بیّو تەنانەت بەم ئامانجانەوە کە پیشتر بۆی پیك هاتبوو دریژە بە کاری خۆی بدا.

یەکەم، ئەوە کە ئەم جوولانەوەیە لە کاتی پیك هاتنیدا لەسەر ئەو بناغەیە شکلی گرت کە ولاتانی ئەندام، بەرامبەر بە کیشەو ململانیّیەکانی دوو هیزی وەك ئامریکاو یەکیەتی شوورەوی بیّلایەن بنو بەرامبەر بە هیچ کام لەو دوو جەمسەرە لە هیچ باریکەوە بەر عۆدە نەبن. هەر بۆیەش جوولانەوەکە ناوی ولاتانی غەیرە موتەعەهیدی لە سەر دانرا.

ئیستا کە شەری سارد لە گۆریّدا نەماوەو دوو جەمسەریی جیهان بە شیوەی رابردوو خۆی نانوینی، روون نیە کە ئەندامانی ئەو جولانەوەیە لە بەرامبەر کام دوو جەمسەردا غەیرە موتەعەهید دەمیننەوە؟ خۆ ئەگەر وادابنیین کە ئەو جوولانەوەیە لە داهاتوودا ئەم هەدەفە تەعقیب دەکا کە لە بەرامبەر تەك جەمسەریدا رادەوەستیّوبەربە بەشیك لە سیاسەتو هەلویستەکانی دەگری، ئیدی ئەوکات ئەو جولانەوەیە نەك غەیرە موتەعەهید نابیّ، بەلکو دەبیّ خۆی وەك جەمسەریك دەربخاو بەربەرەکانیی جەمسەرەکەی دیکە بکا کە لەوحالەدا غەیرە موتەعەهید بوون مانایەك نابەخشیّ.

دووهەم، ئەگەر جوولانەوەی ولاتانی غەیرە موتەعەهید، ئامانجی رابردووی وەلانابیّو بە ئامانجو هەلویستو تەعەهودی تازەوە پی بنیتە گۆرەپانی بەربەرەکانیّ لەگەل تەك جەمسەریدا، ئەوکات دەبی چاو بە ئەندامەتی بەشیك لەو ولاتانەدا بخشینیتەوە کە ئیستا لەم جولانەوەیەدا بەشدارن. چوونکە ژمارەیەکی زۆر لەو ولاتانە نەتەنیا پیوەندییەکی زیاد لە دۆستانەیان لەگەل ئامریکادا هەیە، بەلکوو بە جۆریكو لە بواری جۆراوجۆردا هاوپەیمانی ئامریکانو لە زۆر بارەوە بەدوای سیاسەتو هەلویستەکانی ئەو جەمسەرەدا دەکیشن. ئەو مەسەلەیەش لە جیّدا دەبیتە بەرهەلست لە بەرامبەر ئەو هەدەفە تازانەدا کە رەنگە ئەو جوولانەوەیە بیگریتە بەر.

بەهەرحال داهاتووی" جولانەوەی ولاتانی غەیرە موتەعەهید" بەو ئامانجو هەلویستانەی کە پیشتر بوویەتی، زۆر روون نیەو بەم قەوارەو ئەندامانەش کە ئیستا هەیەتی سەرهەلدان لە شکلو شیوەی جیا لە رابردوودا کاریکی هاسان نایەتە بەرچاو.

***

دریژەی لاپەرەی ١

# لە هەنگاویکی ئازایانەدا دەفتەری تەحکیمی وەحدەت لە جەبهەی ٢ی خورداد چووەدەر

بە گوتەی موئمینی: "هەلویستی تازەی بزووتنەوەی خویندکاری لە بارەی بەشداری لە مەیدانی سیاسیو قەوارەی دەسەلاتدا، ئالوگۆری تیدا پیكهاتوەو ئەم ریکخراوەیە نایهەوی وەك حیزبەکان بجوولیتەوە".

دەبیری تەشکیلاتی دەفتەری تەحکیمی وەحدەت، ستراتیژیی ئەم ریکخراوەیە واتە دووری لە دەسەلاتی وەك بناغەی ئەم بریارە ناوبردو گوتی: دوو هوکاری: "گیرو گرفتە فکریو ئیدئۆلۆژیکییەکانی ئەندامانی پیکهینەری ریکخراوەکانی ٢ی جوزەردان"و "نەبوونی نوینەرانی تویژە جۆراجۆرەکان لە بەرەی دووی جۆزەردان" بوون بە هۆی ئەوە کە ئەم جەبهەیە، لە بنەمالەکەی خۆی داببریو تەنیا لە جەنگەی هەلبژاردنەکاندا، کەلکی هەبیو ببی بە نەردیوان بۆ سەرکەوتنی ژمارەیەك".

موئمینی هەروەها گوتی: "زۆربەی هەرە زۆری ئەنجومەنە ئیسلامییەکانی دەفتەری تەحکیمی وەحدەت لە کۆبوونەوەی مانگانەی خۆیاندا کە خانەخوییەکەیان ئەنجوومەنی ئیسلامیی زانستگەی ئەلزەهرا بوو، دەنگیان بەوەدا کەدەفتەری تەحکیمی وەحدەت ناتوانیو نابی لە بەرەی ٢ی جۆزەرداندا بمینیتەوە، چونکە مانەوە لەو جەبهەیەدا، لەگەل تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەی خویندکاری لە ناتەباییدایەو، پیویستە هەرچی خیراتر بەرەیەکی بەرینی دیموکراسیخوازی پیك بی".

بە گوتەی عەبدوللا موئمینی: "پیکهاتنی بەرەیەکی بەرینی دیموکراسیخوازی لە پیویستییەکانی ئەمرۆو ریزبەندیی تازەی سیاسییەو دەفتەری تەحکیمی وەحدەت هەول دەدا بەستینو کەشو هەوای پیویست بۆ پیکهاتنی، پیك بینی".

دەبیری ریکخراوی ناوبراو گوتی:

"نیازمان وایە کە بیرۆکەیپیکهینانی بەرەیەکی تازە بینینە گۆری تا ئەو حیزبو ریکخراوو کەسایەتییانەی پییان وایە لە پیکهینانی ئەو بەرەیەدا دەتوانن کاریگەر بن، لە کۆبوونەوەیەکدا، بنەماو ریوشوینەکانی دیاری بکەن". ناوبراو گوتی: ئەوکۆبوونەوەیە "لە ماوەی یەك مانگی داهاتوودا لە لایەن دەفتەری تەحکیمی وەحدەتەوە پیك دەهینری".

***



# هەواڵە وەرزشی‌یەکان

ئا: ئەشکان

## کرماشان قارەمانی کیش هەڵگریی لاوانی ئیران

یاری‌یەکانی کیش‌هەڵگریی لاوانی ئیران (ژیر بیست ساڵ) کە لە شاری کرماشان دەستی پی‌کرد بوو، روژی پینج شەممە ٨١/١٢/١بە قارەمانیی کرماشان کوتایی پی‌هات. ئەم یارییانە بە بەشداریی ١٢٩ کیش‌هەڵگر لە چوارچیوەی ١٨ تیمدا بەریوە چوون کە لە تاکەکەسی‌دا، لە کیشی ٥٦ کیلو رەحمان عەزیزی، لە ٦٢ کیلو محەممەد رەشیدی ( هەر دوو لە کرماشان)و هەروەها لە کیشی ١٥٠+ کیلودا یوسف رەشیدی لە (ئیلام) پلەی یەکەمی ئیرانیان وەدەست هینا.

لە ئاکامی یاری‌یەکاندا کرماشان بە ٥٦٤ خاڵ پلەی یەکەم، گیلان بە ٥٣٨ خاڵ پلەی دووهەمو تیمی نەفتی مەسجد سولەیمان بە ٤٨٤ خاڵ پلەی سیهەمیان وەدەست هینا.

**

## لەشجوانی (پرورش اندام)ی ئیران و قارەمانەتیی کرماشان

پیشبرکی‌یەکانی لەشجوانیی ئیران کە لە شاری رەشت دەستی پی‌کردبوو، روژی ٨١/١٢/٢ کوتایی پی‌هات. لە ئاستی لاوانی ژیر بیست ساڵدا، لاوانی کرماشان پلەی یەکەمیان وەدەست هینا. بە دوای کرماشاندا ئوستانەکانی، فارسو ئیسفەهان پلەکانی دووهەمو سیهەمیان وەدەست هینا.

**

## بەریوە چوونی یاری‌یەکانی زورانی شان‌وملی لاوانی ئیران لە سنە

روژەکانی ١٥و ١٦ی رەشەمەی ٨١ یاری‌یەکانی زورانی شان‌ومل (فرنگی)ی ئیران (ژیر بیست ساڵ) لە ئاستی یانەکاندا لە شاری سنە بەریوە دەچی. لەم یارییانەدا هەشت یانەی سەرکەوتووی یاری‌یەکانی ناوچەیی باشوو، باکوور، روژهەڵاتو روژئاوای ئیران لە ٩ کیشی ٥٠ تا ١٢٠ کیلودا بەشداری دەکەن.

**

## باشترین وەرزشکارانی ئوستانەکانی کوردستان‌و کرماشان لە ساڵی ١٣٨١

روژی ٩ی رەشەمەی ٨١، لە ریوەرەسمیکی تایبەتی بە بەشداریی بەریوەبەرانی وەرزشیی ئیران کە بە شیوەی راستەخو لە کانالی ٣ی تەلەفزیونی ئیران بڵاو بووە، باشترین وەرزشکارانی ئیران لە ساڵی ٨١ دیاری کران‌و خەڵاتی تایبەتییان پی‌درا. لە ئاستی ئوستانەکاندا چوارکەس وەك باشترین وەرزشکار دیاری کران کە باشترینەکانی کرماشان‌و کوردستان بەم شیوەیە بوون:

ئوستانی کرماشان:

١ ـ پەیمان ئەکبەری، ئەندامی تیمی میللیی والیبالی‌ئیران لە یاری‌یەکانی ئاسایی بوساندا

٢ ـ کورش باقری، نەفەری دووهەمی کیش‌هەڵگریی یاری‌یەکانی ئاسایی بوسان

٣ ـ ئەللابەخش ئەکبەری، نەفەری دووهەمی کیش‌هەڵگریی کەم‌ئەندامانی جیهان

هەروەها ئارەزوو پیروزی قارەمانی هەڵاتنی گورەپانی ئیران وەك باشترین وەرزشکاری ژنی ئوستان دیاری کرا

**<u>ئوستانی کوردستان:</u>**

١ ـ عەدنان کەرەمی، نەفەری سیهەمی قایقرانی(بەلەم لیخورین)ی ئاسیا

٢ ـ قوباد فەیزی، نەفەری دووهەمی کاراتەی روژئاوای ئاسیا

٣ ـ جەلیل شیخ ئەحمەدی، نەفەری دووهەمی کاراتەی یاری‌یەکانی ئوکراین

هەروەها نەرمین زەرئەفشان ئەندامی تیمی میللیی بەدمینتونی ئیران وەك باشترین وەرزشکاری ژنی ئوستان دیاری کرا.

لە کوتایی ئەم ریورەسمەدا ١٠ وەرزشکار وەك قارەمانی ساڵی ئیران دیاری کران‌و حوسینی رەزا زادە باشترین کیش‌هەڵگری جیهان لە ساڵی ٢٠٠٢دا وەك قارەمانی قارەمانان دیاری کرا.

❋❋❋

# وتوویژ لەگەڵ لاویکی وەرزشکاری کورد

**<u>حامید ئەللاوەیسی:</u>**

## لە جیاتی من کە قارەمانی ئیران بووم، کەسیکی دیکەیان رەوانەی یاری‌یەکانی قارەمانیی ئاسیا لە هەمەدان کرد

**یەکیك لەو لاوانەی کە ریزەکانی حیزبیان هەڵبژاردوە تا بو وەدیهینانی ئامانجەکانی گەلی کورد شانبەشانی خەباتگیرانی دیموکرات، خەبات بکەن حامید ئەللاوەیسی‌یە. ناوبراو یەکیك لەو وەرزشکارانەیە کە توانیویانە لە ئاستی ئیراندا خویان بنوینن‌و پلەو مەقامی سەراسەری وەدەست بینن. هەر بویە وتوویژیکمان لەگەڵ پیك هیناوە تا سەبارەت بە وەرزشی کوردستان‌و کەموکوری‌یەکانی زورتر ئاگادار بین.**

**پرسیار: تکایە خوت بناسینە؟**

وەڵام: ناوم حامید ئەللاوەیسی‌یە، ساڵی ١٣٦٢ لە سنە لە دایك بووم، تا دووی دەبیرستان خویندوومە.

**پ: لە چ رشتەیەکی وەرزشی‌دا کارت کردوەو سەرکەوتنەکانت لە ئاستی ئیراندا چی بوون؟**

و: بو ماوەی شەش ساڵ لە زورانی شان‌و ملدا کارم کردوە کە دواتر وازم لی‌هیناو وەرزشی لەشجوانی (پرورش اندام)و "پاوە لیفت"م هەڵبژاردوە.

ساڵی ١٣٧٦ پلەی دووهەمی کیشی ٧٦ی لاوانی (ژیر ١٧ ساڵ)ی ئیرانم لە زورانی شان‌و ملدا وەدەست هیناوە. ساڵی دواتر (١٣٧٧) لە هەمان کیشدا پلەی یەکەمی لاوانی (ژیر ١٧ساڵ)ی ئیرانم وەدەست هیناوە. هەروەها پلەی چوارەمی زورانی پاڵەوانیی ئیرانم لە کیشی ٧٠+ کیلو لە ساڵی ١٣٧٧دا وەدەست هیناوە. لە لەشجوانی‌و پاوە لیفتدا چەندین پلەو مەقامی ئوستانی‌و ناوچەییم هەیە.

**پ: بو وازت لە زوران هینا؟**

و: ساڵی ١٣٧٧ کاتیك پلەی یەکەمی ئیرانم وەدەست هینا، بو بەشداری لە یاری‌یەکانی قارەمانیی ئاسیا لە هەمەدان بو ماوەی دوو مانگ لە راهینانەکانی تیمی میللیی ئیران لە تاراندا بەشداریم کرد. ئەو کات برازایەکی راهینەرەکەمان کە لە کیشی ٦٩ کلیودا زورانی دەگرت بە هوی زور بوونی کیشی نەیدەتوانی لە ٦٩ کیلودا زوران بگری. هەر بویە بە پشتیوانیی مامی کە راهینەری تیم بوو لە جیگای من کە قارەمانی ئیران بووم دایان نا. دیارە چونیەتی لابردنی من بەو شیوەیە بوو کە روژیك راهینەر بە منی گوت ناسنامەکەت بینە کارم پییەتی، منیش بوم هینا، دواتر دیتم کە دەستی تی‌وەردراوە. وتیان بو ئەوەی کەس پیی نەزانی بیخە نیو ماشینی جلشوری‌و دواتر بلی نەمزانیوە لەگەڵ جلەکانم بووەو خراپ بووە. من ئەو کارەم کرد، بەڵام بوو بە گرفتیکی گەورە بومو منیان بە تاوانی جەعلی ئەسناد بازداشت کردو دوای ماوەیەك بە ٢٠٠ هەزار تمەن جەریمە ئازاد کرامو راهینەریش بە مەبەستی خوی گەیشتو برازاکەی لە کیشی ٧٦ کیلودا لە یاری‌یەکانی ئاسیایی‌دا بەشداری کرد. ئەو مەسەلەیە بوو بە هوی ئەوە کە بە تەواوی واز لە وەرزش بینم، بەڵام دواتر لە سەر داوای بنەماڵەکەمو هاندانی ئەوان دیسان دەستم کردەوە بە وەرزش کردن، بەڵام ئەمجارەیان لە وەرزشی لەشجوانی‌و پاوە لیفتدا.

**پ: ئیمکاناتی وەرزشیی کوردستان چونە؟**

و: ئیمکاناتی وەرزشیی زور کەمەو وەڵامدەری ئەو هەموو لاوەی کوردستان نیە. بەرپرسانی وەرزش تەنیا خەریکی فەسادی مالیی خویان‌و حەیفو مەیل کردنی ئەو برە هەزینەیەن کە بو وەرزش تەرخان کراوە. شوینە وەرزشی‌یەکان لە ئیمکاناتی پیشکەوتووی وەرزشی بی‌بەشن‌و ئەو ئیمکاناتەی کە هەیە زورتر لە خزمەت بنەماڵەکانی سەر بە ریژیم (بەناو شەهید، جانباز، بەسیجی‌و . . . هتد)دان تەنانەت زوربەی وەرزشکاران لە سەر هەزینەی شەخسیی خویان لە یاری‌یەکاندا بەشداری دەکەن.

**پ: وەرزشکارانی کوردستان لە پیراگەیشتنی بەرپرسانی وەرزشی بەوان رازین؟**

و: بە هیچ شیوەیەك رازی نین. زوربەی بەریوەبەرانی وەرزش هیچ چەشنە شارەزایی‌یەکیان لە وەرزش نیەو تەنیا وەك پاداش ئەو بەرپرسایەتی‌یەیان پی‌دراوەو تەنیا لە فکری قازانجو بەرژەوەندی خویاندان‌و هەنگاویکی ئەوتو بو بەرەو پیش بردنی وەرزش هەڵناگرن. تەنانەت ئەو کەسانەی وەك راهینەر لە خزمەتی وەرزشی کوردستاندان، تەنیا لە بەر عەلاقەی خویان ئەو کارە دەکەن‌و لە باری ماددی‌یەوە وەزعیان زور خراپەو جیا لە کاری راهینەری، چەندین پیشەو کاری دیکەیان هەیە.

**پ: بوچی وەرزشکارانی کوردستان زورتر روو دەکەنە شارەکانی دیکەی ئیران؟**

و: لە بەر نەبوونی ئیمکاناتی پیویست لە کوردستان‌و هەروەها بو پیشکەوتنی زورتریان لە وەرزش‌داو وەدەستهینانی سەرکەوتن روو دەکەنە شوینەکانی دیکەی ئیران کە خاوەنی ئیمکاناتی باشترن‌و لە باری ماددی‌یەوە زورتر پییان رادەگەن.

**پ: وەرزشی کوردستان لەگەڵ شوینەکانی دیکەی ئیران لە بواری چەندی‌و چونی‌یەوە چ جیاوازی‌یەکی هەیە؟**



و: جیاوازی‌یەکە یەکجار زورە. بو وینە لە شاری تاران سەرەرای ئیمکاناتی زورترو نویتر، لە باری ماددی‌یەوە وەرزشکاران بە شیوەی قەراردادی کار دەکەن‌و بو هەر مانگیك لانیکەم ١٥٠ هەزار تمەن وەردەگرن (لە وەرزشی زوراندا). راهینەرەکان حەقدەستی دیاریکراویان هەیە. هەروەها هەزینەی زورتر بو وەرزش تەرخان دەکری‌و تەنانەت وەرزشکارانیش بو بەشداری لە تیمەکانی میللیی ئیراندا لە پیشەوەی ناوچە دواکەوتووەکانن. لە کوردستاندا هیچ دامەزراو، کارخانەو ئورگانیکی دەوڵەتی نیە تا پشتیوانیی ماددی لە وەرزشکاران‌و یانەکان بکا، بەڵام لە شارەکانی دیکەدا، سەرمایەگوزاری کراوەو وەرزشکاران هەم لە بواری ئیمکاناتو هەم لە باری ماددی‌یەوە تەئمینن.

**پ: چون بوو ریزەکانی حیزبت هەڵبژارد؟**

و: هەر کوردیك ئەگەر بیر بکاتەوە بوی دەردەکەوی کە گەلی کورد لە هەموو بواریکدا مافی پی‌شیل کراوە، کوماری ئیسلامی ریژیمیکە کە لە ماوەی ٢٤ ساڵی رابردوودا بە هەموو شیوەیەك گەلی کوردی سەرکوت کردوەو لە دانی کەمترین مافی نەتەوایەتی بەو گەلە پیشگیریی کردوە. منیش وەکوو لاویکی کورد ئەو هەستەم هەیە کە دەبی لە بەرامبەر ئەم ریژیمەدا راوەستین‌و حەق‌و حقووقی نەتەوەیی خومان وەدەست بینین.

**پ: لە کوتایی‌دا چ قسەیەکت هەیە؟**

و: زور سوپاسی روژنامەی "کوردستان" دەکەم کە ئەو هەلەی بو من رەخساند تا بتوانم قسەی دلی خوم کە قسەی دلی هەموو لاویکی وەرزشکاری کوردە دەربڕم. هیوادارم لە داهاتوویەکی نیزیکدا بە ئامانجە نەتەوایەتی‌یەکانمان بگەین.

❋❋❋

### رادیۆی دەنگی کوردستانی ئیران

**بەیانیان سەعات ٦/٥ تا ٨/٥**

**ئیواران سەعات ٦ تا ٨**

**بەکاتی تاران**

**لەسەر شەپۆلی کورتی ٧٥ میتر (فریکانسی ٣٩٨٥ کیلۆهیرتز) بە دوو زمانی کوردی‌و فارسی بەرنامە بڵاو دەکاتەوە.**

**بەرنامەی کوردی سەعاتی ١٢/٥ی پاش نیوەرۆ بەکاتی تاران لەسەر شەپۆلی کورتی ٤١ میتر بەرامبەر بە ٧٢٥٠ کیلۆهیرتز دووپات دەبیتەوە.**

**ژمارە تەلەفون‌و فاکس بۆ پیوەندی‌گرتن بە رادیۆی دەنگی کوردستانی ئیرانەوە:**

**تەلەفون: ٨٧١٧٦٢٢٨-٧٣-**

**لە دەرەوەی وڵات یارمەتی‌یە مالی‌یەکانی خۆتان بۆ حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران بدەن بەم حیسابە بانکی‌یە:**

C.C.P PARIS 68040
M020
FRANCE

**فیشە بانکی‌یەکەشی بۆ ئەم ئادرەسە پۆست بکەن:**

A.F.K.B.P.102  75623
PARIS CEDEX 13
FRANCE

# بۆ هاوکاریی زیاتری هیزە دیمۆکراتو پیشکەوتووەکانی ئیران تیبکۆشین

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 360    6 Mar 2003

بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و وەرگرتنی زانیاری لەبارەی حیزب،
بڕواننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
kurdistanmedia@yahoo.com


http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr


## کاریکاتۆری "کیهان" و چارەنووسی هەڵبژاردنی شووراکان!

ڕۆژنامەی "کیهان" سەر بە قۆڵی پاوانخوازو موحافیزەکاری ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنی شوورا ئیسلامی یەکانی شارو دێدا ڕۆژی ٨ی ڕەشەمە یانی ڕۆژێك پێش بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن، کاریکاتۆرێکی بلاو کردەوە کە لەودا چوونە ژووری ئینسان بۆ شوورای شار مەنع کراوەو جێ پێی ئاژەڵو ماڵات دیارە کە بەرەو ژووری شوورا دەچن. هەر ئەم ڕۆژنامەیە ڕۆژی ١٠ی ڕەشەمە یانی ڕۆژی دوای بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن کە تا ڕادەیەك ئاکامی هەڵبژارنەکانی تاران ڕوون ببۆوەو بە قازانجی قۆڵی تەواوخواز تەواو ببوو، لە هەواڵێکدا نووسی: " توندڕەوەکانی ٢ی جۆزەردان تێك شکان"، "سەرکەوتنی بێ‌ئەملاو ئەولای بناژۆیان لە هەڵبژاردنی سەراسەری ولاتدا".!

**سەیری ئەم کاریکاتۆرو سەردێڕی ئەم هەواڵە بکەن:**




## پیستی ئیسکیی "خۆشە کۆ"



پیستی ئیسکیی "خۆشەکۆ" کە شوێنێکی زۆر خۆشە بۆ سەیران و گەران و بە تایبەتی وەرزشی ئیسکی، لە ناوچەی تەرگەوەری شاری ورمێ هەڵکەوتوە. لە نێوەراستی وەرزی پاییزەوە تا مانگی یەکەم و دووهەمی بەهار خەڵك لە شاری ورمێ و شارەکانی دیکەوە بۆ وەرزش و سەیران دەچنە ئەم شوێنە.

سەیرانگەی "خۆشەکۆ" لە خوار چیایەکی بەرز دا هەڵکەوتوە لە بەرزایی‌یەکانی ئەم چیایە تا شوێنی سەیرانگەکە بۆ پیستی ئیسکی دیاری کراوە. ئێستا پیستی ئیسکیی خۆشەکۆ بۆتە شوێنێکی خۆش بۆ وەرزش و گەران و سەیران لە کاتی بەفر بارین و وەرزی ساردی ساڵ دا.

## سیگار، ساڵی ٥ میلیۆن کەس دەکوژێ



کۆتایی مانگی فێوریەی ئەمساڵ، نوێنەرانی زیاتر لە ١٧٠ ولاتی ئەندامی ڕێکخراوی جیهانیی لەشساغی لە شاری "ژنێڤ" پەیماننامەیەکیان بە مەبەستی بەربەرەکانی لەگەڵ کێشانی سیگار مۆرکرد. مەبەست لە مۆر کردنی ئەم پەیماننامەیە، کەم کردنەوەی مردن بە هۆی کێشانی سیگارەوەیە. بە پێی لێکۆڵینەوەکان هەموو ساڵێك لە ئاکامی شوێنەوار زیانەکانی کێشانی سیگاردا، ٥ میلیۆن کەس دەمرن.

کۆنوانسیۆنی جیهانیی بەربەرەکانی لەگەڵ سیگار، زۆر بەربەستو قەدەغەو قۆرغی توندی لە سەر تەبلیغاتی بازرگانیو دیتنەوەی بازاڕبۆ فرۆشو کێشانی سیگار داناوە. ئەو کۆنوانسیۆنە هەروەها کۆمەڵێك ڕێوشوێنی بە مەبەستی ستاندنی مالیاتی دوخانیاتو بەربەرکانی لەگەڵ قاچاغی سیگارد دیاری کردوە.

ئەڵمانو ئەمریکا ڕایانگەیاندوە ڕەگەڵ ئەم کۆنوانسیۆنە ناکەون. بڕیار وایە لە مانگی داهاتوودا پێشنووسی کۆنوانسیۆنی بەربەست دانان لەسەر ڕێی کڕینو فرۆشتنو کێشانی سیگارلە کۆبوونەوەی سالانەی ڕێکخراوی جیهانیی لەشساغیدا پەسند بکرێ. بۆ ئەوەی ئەم کۆنوانسیۆنە بەڕێوە بچێ، لانی کەم دەبێ چل ولاتی ئەندام لە مەجلیس و نیهادە میللی‌یەکانی ولاتی خۆیاندا پەسندی بکەن.

## کەمیی ئاو، پڕ مەترسیترین قەیران لە سەر ڕێی مرۆڤایەتی‌دا

لە ڕاپۆرتێکی ٦٠٠ لاپەڕی دا کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەم ڕۆژانەدا بلاوی کردەوە: کەمبوونەوەی سەرچاوەکانی ئاو و کەمیی ئەو ماددە پێویستە، بە پڕ مەترسیترین قەیران لە سەر ڕێی مرۆڤایەتی دا دانراوە. ڕاپۆرتەکە دەڵێ: لە نێو چوونی سەرچاوەکانی ئاوی خاوێن، هەر تەنیا هەڕەشە لە لەشساغی و پاکو خاوێنیی گشتی ناکا، بەڵکوو ژینگە و سەقامگرتوویی سیاسی لە زۆر شوێنی جیهان بە هۆی کەمیی ئاو لەگەل مەترسی بەرەو روو دەبێ. بە گوێرەی پێش بینیی ڕاپۆرتەکە، لە



ساڵی ٢٠٥٠ دا، ٧ میلیارد کەس لە ٦٠ ولاتی جیهان لەگەڵ کەمیی ئاوی خواردنەوە بەرەو روو دەبن. لە ٢٠ ساڵی داهاتووش دا مەسرەفی سەرانەی ئاو، سێ یەك، کەم دەکا. هێندێك لە هۆیەکانی پێکهاتنی ئەو قەیرانە بریتین لە:

بە ڕێوە بەریی خراپ، گەرم بوونی تۆپی زەوی و زۆر بوونی حەشیمەت.

بە پێی ئەو راپۆرتە، لە بارەی چۆنایەتی‌یەوە فینلاند، کانادا، زولاندی نوێ، ئینگلیستان، ژاپۆن، نۆروێژ، فیدراسیۆنی رووسیە، کۆریای باشوور، سوئێد و فەرانسە باشترین ئاویان هەیە. دە ولاتیش خراپترین ئاویان هەیە کە بریتین لە: بلژیك، مەراکیش، هیند، ئۆردۆن، سوودان، نیجێر، بورکینافاسۆ، برۆندی، کۆماری ئەفریقای ناوەندی و رواندا. ئەم راپۆرتە دەڵێ: ولاتانی گرینلەند، گینەی فەرانسە، ئیسلەند، گینە، سورینام، کۆنگۆی تازە، دوورگەکانی سلێمان و کانادا زۆرترین پاشەکەوتی ئاویان هەیە. کووەیت، باریکەی غەززە، میرنشینە عەرەبی‌یە یەکگرتووەکان، باهاماس، قەتەر، لیبی، عەرەبستان، مالتا و سەنگاپوور کەمترین ئاویان هەیە.

**"رادیو فردا"**

## ڕێکخراوی جیهانیی لەشساغیو گیروگرفتی قەڵەویی مرۆڤەکان



زیاتر لە میلیاردێك مرۆڤ، کێشیان لە ئاستی دیاریکراو قورسترە و ٣٠٠ میلیون کەس لەوان بە گوێرەی ڕێوشوێنە پزیشکی‌یەکان، زێدەقەڵەون.

ڕێکخراوی جیهانیی لەشساغی ڕۆژی دووشەممە ٣ی مارس راپۆرتێکی بلاو کردەوە کە بەرهەمی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵێك لە زانایانی ولاتانی جۆراوجۆر بوو. راپۆرتەکە دەڵێ: خواردنی چەوریی زۆر و خواردنی خۆراکی ناسالم هۆکاری سەرەکیی قەڵەوی و نەخۆشی‌یەکانی پێوەندیدار بەو دیاردەیەن. ئەو خەڵکەش کە لە شارەکان دا دەژین و جموجۆڵ و هەڵسوورانیان کەمترە، پتر تووشی ئەو جۆرە نەخۆشییانە دەبن.

ئەو ڕێکخراوە داوا لە خەڵکی جیهان دەکا لە خواردنی خۆراکی زۆر چەور، زۆر سوێر و پڕ شەکر خۆ بپارێزن، هەتا بۆیان دەکرێ سەوزی و میوە بخۆن و وەرزش و هەڵسووران و جموجۆلی زۆریان لە بیر نەچێ.

**بەر لە ماڵاوایی**

## " قوتابخانەیەکم بەناو بکەن تا هەموو بەیانان بەدەنگی سروودی ئەی ڕەقیب نیگەرانیم لەدڵ دەرچێ"

"خۆشی بۆ ئەوانەی ئاوا دەژینو ئاوا دەمرن، خۆشی بۆ پیرێکی بەساڵداچووی کەنەفت بوو، کە بەجێمان دێڵێ، هەزاران لاو بۆی بەداخنو دەیکەنە سەرمەشقی ژیانیان، دەبێ بەهەموومان زیاتر ژیانی ئەو پیاوە گەورەیەی بێنینە سەرکاغەز، بە نەوەی ئەمڕۆو دوارۆژی بناسێنین تا ببێتە سەر مەشقیان"(١)

***

پێم خۆش بوو بۆ ئەمجارەی" بەر لە ماڵاوایی"، شتێك بنووسم شایانی گەورەیی مامۆستا مەلارەحمان لاهیجانی بێ کە سەمبولی خۆراگریو تێکۆشانو وەفاداری بەگەلو نیشتمان بوو. لەخۆم ڕانەدی. هەربۆیە بەباشم زانی ئەم ستوونە بە چەند بەشێك لە وەسیەتنامەکەیو بەشێك لە قسەکانی لەوتووێژ لەگەڵ نامیلکەی" تێکۆشەر"دا بڕازێنمەوە:

**ع. وریا**

### چەند بەشێك لە وەسیەتنامەی مامۆستای نەمر مەلا ڕەحمانی لاهیجی

. . . داوای لێبووردن لە هاوسەرەکەم دەکەم کە بەمجۆرەی پێویستە نەمتوانیوە خزمەتی ئەوو منالەکانم بکەم. کە توانیومە ئەرکی نیشتمانیی خۆم بەجێ یگەیەنم لە سایەی فیداکاریی هاوسەرەکەم بووە کە هەمیشە هەستم کردوە پشتیوانێکی بەهێزم لەپشتە. ئەو بە ڕووسووری ژیاو منالەکانیشی لە ڕووحێکی کوردانە بار هێناون. ئەو جۆرە ژنانە جێی شانازین، چونکە ژن زۆر جارتوانیویەتی بە چاكو بە خراپ ئامانجو ڕێباز بە هاوسەرەکەی بگۆڕێ. داواش لە تێکۆشەرانی دێموکرات دەکەم یەکگرتووبنو پشتی یەکتر بەرنەدەنو نەفرەت لە دووبەرەکیو ناکۆکی بکەنو ڕەنجو کوێرەوەریی ئێمە بەهەدەر نەدەن.

دڵنیابن سەردەکەون. ڕەنگە من ئەو ئازادی‌یەم نەبینم، بەلام ئێوە حەتمەن دەیبینن. ئەگەر ئەجەل مەودای پێ‌نەدام تەنیا یەك داوام هەیە لە حکوومەتی بە ماف گەیشتووی کورد کە قوتابخانەیەکم بە نێو بکاتەوە تاکوو هەموو بەیانان بە دەنگی سروودی "ئەی ڕەقیب" کە لە گەرووی نەونەمامەکانی داهاتووی کوردستان دێتەدەر، ڕووحی من وەخەبەر بێو نیگەرانیم لە دڵ دەرچێ. ١٣٨٠/٦/٢٦

***

.. .خۆم لەوە بە چووکتر دەزانم کە ئامۆژگاریم بۆ تێکۆشەرانی حیزبو گەلی کورد هەبێ. لێرەدا بەدەرفەتی دەزانم، ئیزنم بدەن ئەو کورتە پەیامە بە تێکۆشەرانی حیزبو گەلی کوردو لایەنە سیاسی‌یەکانی ناو بزووتنەوەی کورد بدەم.

داوا لە تێکۆشەرانی حیزب دەکەم یەکیەتیی سیاسیو وەحدەتی تەشکیلاتیی خۆیان هەرچی زیاتر بپارێزنو ڕێز لە یەکتر بگرن. نەزمو دیسپلینی حیزبی بە تەواوی لە بەرچاو بگرنو بۆ حیزبەکەیان دڵسۆزو چالاكو سادق بن. بیر لە منداڵی شەهیدو ژنی ڕەشپۆشو دایکانو باوکانی جەرگ سووتاو بکەنەوە. تێبکۆشن ڕێبازی پیرۆزیان درێژە بدەن. ئامانجی شەهیدەکان بێننەدیو گوڵی سەربەستی بدەنە دەست ڕۆڵەکانی گەلی کورد.

داواشم لە گەلی قارەمانی کوردو لایەنە سیاسی‌یەکان ئەوەیە کە یەکپارچەیی خۆیان بپارێزنو نەفرەت لە دوو بەرەکیو شەڕی ناوخۆ بکەن. یەکدەنگو یەکدەست لەگەڵ یەکتر بن. ئەوکات کۆمەڵانی خەڵکیش سەنگەرێکی بە هێز دەبن کە تێکۆشەران لە پشت ئەو سەنگەرەوە دەتوانن ئەرکی خۆیان بە جێ بگەیەنن. ئەمڕۆ سەدەی بیستو یەکەمە. کەم گەل ماون کە رزگار نەبووبن. ڕەنگە ئەوەی مابێ کوردی لێقەوماوو بێ دەرەتان بێ. هەر گەلێك کە سەربەستیی خۆی وەرگرتوە چەندین ساڵ تێ‌کۆشاوەو خوێنی داوە. بۆیە نابێ لە خوێندان خۆ ببوێرن. لە تێکۆشان هەنگاو شل نەکەین. هەر نەتەوەیەك بە دەستی بە هێزی ڕۆڵەکانی خۆی زنجیری دیلیی پساند. کوردیش ڕۆڵەی بە وەفاو بوێریو سەرکردەی ئازاو سیاسەتمەداری گەورەی هەیە. بێ لە خۆ بایی بوون ئێستاش کورد سەرکردەی لێوەشاوەو لێزانی زۆرە. پێویستە ئەرزشو ڕێزیان بزانن. بۆیە دڵنیام کورد سەردەکەوێ. ئاسۆی خەبات روون دەبینم.(٢)

(١) لە وتاری سکرتێری گشتیی حیزب
لە مەجلیسی سەرە خۆشیی مامۆستا مەلارەحمانی نەمردا

(٢) تێکۆشەری ژمارە ٧١، زستانی ١٣٨٠

## مرواریی دەریای وشە

- بەرپرسی بەختەوەری یان بەخت ڕەشیمان تەنیا خومانین. (بودا)
- ئیمپراتوری‌یەکان لە نێو دەچن بەڵام شێعرێکی باش قەت لە نێو ناچێ. (هێمۆت شاعیری سکاتلەندی)
- بەختەوەر کەسێکە کە شادیی خەڵك بە شادیی خۆی بزانێ. (گوتە)
- لە جیاتی لەعنەت ناردن بۆ تاریکی، شەمێ هەڵکە. (کۆنفۆسیۆس)